YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤٨ی ئایار ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.48.May2023

# یادی سەد ساڵای لۆزان و پەیوەندی کورد و تورک

**یادنامە**

ڕێککەوتنە مێژوییەکان لە نێوان زل هێزەکاندا بە پێێ بەرژەوەندی دەگۆڕێت و بگرە هەندێ لە ڕێککەوتنەکان کە متمانەیەکی نێودەوڵەتیشی هەبێت کە لە نێوان دوو وڵاتدا واژۆ دەکرێت دوای ناهاوتەریب بونی بەرژەوەندییەکانیان هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێناکرێ وەک ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران دواتر پاشگەز بونەوە و دەیان ڕێککەوتنی تر ، کە کاریگەری وڵاتانی زل هێز و بون بە کارت بە دەست ئەم زل هێزانەوە پاشەڕۆژی ئەو ڕێککەوتنانە دیاری دەکات ، ڕێککەوتننامەی لۆزان بەرواری لەسەرە بەڵام بۆ ئەمڕۆ کە دنیا دوای سەد ساڵ لەسەر ئاستی جیهانی جۆری پەیوەندیەکان و بەرژەوەندییەکان گۆڕاون ئەویش دەگۆڕێت ، بە واتایەکی تر ئەگەر کورد و نەتەوەکانی تری قوربانی دەستی ڕێککەوتننامەی لۆزان ئەوە نەخوێننەوە کە تا چی ئاستێک وڵاتانی زل هێزی نێوەندگیر و کاریگەر لە لۆزاندا ئەمڕۆ هەڵوێستیان چی دەبێت ئەوا ناتوانن کاری لەسەر بکەن بە پێێ مافی نەتەوەکان و بە پێی قەرەبوی ڕێککەوتنێکی وەک لۆزان ، لەسەرو هەمو نەتەوەکانەوە کورد و ئەرمەن دەبێت ئەوە بخوێننەوە کە ئایا جۆری بەرژەوەندی وڵاتان لەگەڵ تورکیا چۆنە چۆن ئەم کارتە دوای سەدساڵ دەبێتە کارتی نێوان بەرژەوەندی وڵاتانی زل هێزی ئێستا و نەزمی نوێی جیهان ، وە دەبێت ئەوە ڕاستیە بزانین دوای سەد ساڵ و هەڵوەشاندنەوەی لۆزان چی دەرهاویشتەیەکی دەبێت ، کورد چۆن خۆی ئامادە دەکات بۆ دوای ئەم هەڵوەشاندنەوەی لۆزانە و چەند توانییەتی لۆبی بکات و چۆن دەتوانێ بە پێی پەیوەندییە ناوچەیی و جیهانیەکان و بون بە کارتی ئەم ڕێککەوتنە بخوێنێتەوە ، وە ئایا پەیوەندی کورد و تورک لە کوێی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەدایە لە ئێستادا و چی کاریگەرییەکی دەبێت.




# سەرۆکی پەرلەمان: تێڕوانینە ستراتیژییەکانی نەوشیروان مستەفا هەمیشە لە یادگە و بیرەوەریماندا بەزیندویی دەمێنێتەوە

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵیادی کۆچی دوایی ڕەوانشاد نەوشیروان پەیامێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

لە شەشەمین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردەی مەزن و سیاسەتمەداری ناوداری گەلەکەمان، ڕەوانشاد (نەوشیروان مستەفا)، بەشکۆوە سەری ڕێزو وەفا بەرامبەر گڵکۆکەیان دادەنەوێنین و یاد و یادەوەریی بەرز ڕادەگرین.

کۆچی دوایی کاک نەوشیروان بۆشاییەکی گەورەی خستە نێو کایەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، تێڕوانینە ستراتیژییە نیشتمانیەکانی بۆ چارەسەری دۆزی ڕەوای گەلەکەمان هەمیشە لە یادگە و بیرەوەریماندا بەزیندویی دەمێنێتەوە، لەدەستدانی ئەم ستونە باڵایەی نێو گۆڕەپانی سیاسی و ڕێبازی کوردایەتی لە دەستدانی دونیابینییەکی مۆدێرن و واقیعی و کاریگەر بو لە خەباتی سیاسی و مەدەنی گەلەکەماندا.

بەرزو شکۆدار بێت یادی کۆچی دوایی ئەندازیاری ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان، درود بۆ ڕۆحی پاکی کاک نەوشیروان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.




د. ڕێواز فایەق
سەرۆکی
پەرلەمانی کوردستان

ژیانی لەیلا قاسم ... ل٢
پەروەردەوگرنگیدان بە مافەکانی منداڵان ... ل٣
ڕوبارەکـــە بۆ بێدەنگ بو ... ل٤
ئۆپەرێتی ڕازی بولبولەکان ... ل٥
گورگ و بەرخە سپی ... ل٧
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل٩
ڕۆژنامەی کوردستان ... ل١٠
گەرمەشینێ بۆ (هەڵەبجە) ... ل١٦
جەزا فەریق مەحمود ... ل١٧
سەرکردەکان ... ل١٩
*چی بۆ کورد گرنگە لە هەڵبژاردنی ئەمڕۆی تورکیا ... ل٢٠*
پرۆسەی حکومڕانی هەرێم لەنێوان سیستەم و فەلسەفەی سیاسیدا ... ل٢١
چیرۆکی هۆنراوەیەک ... ل٢٤

# ژیانی لەیلا قاسم

لەیلا قاسم، کچە تێکۆشەری کورد، ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی بامیلی سەر بە شاری خانەقین لە خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەری کورد لەدایکبووە،[٥] لەیلا سێ برا و خووشکێکی هەبووە بەناوەکانی سەبیحە، سەلام، سەفا، سەلاح.[٥] قاسم حەسەنی باوکی لەیلا، کرێکاری کۆمپانیای پاڵاوگەی نەوتی ئەلوەند بوو. دوای ئەوەی قاسم خانەنشین کراوە، ساڵی ١٩٧١ لە خانەقینەوە ماڵیان گواستۆتەوە بۆ بەغدا.[٦] هەموو خوشک و براکانی لەیلا (سەبیحە، سەلام، سەفا، سەلاح) خەریکی خوێندن بوون. سەرباری خوێندن هەریەکەیان لەپای خوێندنەکەیان بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەیان کاریان کردووە.

لەیلا قاسم بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری خانەقین چووەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی لەم شارە تەواو کردووە. لەیلا لە ساڵی ١٩٧١دا لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە.

**بەشداری سیاسی**

لەیلا هەر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ بزووتنەوە و ڕێکخستنەکانی نەتەوەکەیدا پەیداکرد. ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێگای سەلام قاسمی برا گەورەکەیەوە پەیوەندی بە بزاڤی سیاسیی نەتەوەکەیەوە کردووە و لەنێو ڕیزەکانی 'یەکێتیی قوتابیانی کوردستان' خەبات و تێکۆشانی بەڕێوەبردووە. لەیلا ساڵی ١٩٧٠ بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کردستان.[٣][٩] لەیلا قاسم لەنێو قوتابییە کوردەکانی زانکۆی بەغدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە وشیارکردنەوە و ڕێکخستنیان. لە کاتێکدا کە دەگوترا ژن ناتوانێت شانبەشانی پیاوان لە شار و لە شاخ و لە دێهاتەکاندا خەبات بکات، لەیلا بە پێچەوانەوە شانبەشانی قوتابییە کوڕەکانی کورد خەباتێکی بەرفراوانتری بەڕێوەدەبرد و دژ بە نایەکسانی مافەکانی ژنان و پیاوان بوو، بەتایبەتیش کە بۆ خودی خۆی لە بواری کۆمەڵناسیدا دەیخوێند و لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کورددا تێگەیشتبوو.

لەیلا قاسم لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی بە ناوی جەواد هەمەوەندی کە بەیەکەوە خەبات و چالاکییان دەکرد، زۆر یەکتریان خۆشدەویست. ئەگەرچی لەیلا خوێندکاری زانکۆ و جەوادیش کرێکاری یەکێک لە کارگەکانی بەغدا بوو، بەڵام خۆشەویستییەکی بێسنووریان لەنێواندا هەبوو. لەیلا هەر بەرێگەی جەوادیشەوە بۆ ماوەیەک لە ناوچەکانی باشووری کوردستان چووە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. ئامانجی لەیلا قاسم لەمەدا زیاتر ناسینی ڕەوشی سیاسی کورد و بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوەبردنی خەباتی ڕێکخستن بوو لەنێو شارەکاندا.

لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی هەردووکیان هاوبیر و کۆک بوون لە پرسەکاندا لەپێناو سەرکەوتنی دۆزی گەلەکەیاندا. لەیلا بە خەبات و تێکۆشانی خۆی سەلماندی کە ژنانیش شانبەشانی پیاوان دەتوانن خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی گەلەکەیان بەڕێوەببەن.

لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە قۆناخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبوو، لەیلا قاسم و جەواد و هاوڕێکانیان سەرباری نکۆڵیکردنی ڕژێمی بەعس لە هەبوونی گەلی کورد، ئەوان سوور بوون لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەیان. هەروەها لەیلا و جەواد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بەیەکەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان لەسەر کۆمەڵگەی کورد ئەنجامدابوو و لە دەرفەتێک دەگەڕان کە بڵاوی بکەنەوە. بەڵام بەهۆی تێکچوونی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕێژیمی عێراق و دەستپێکردنەوەی شەڕ و پاشانیش بەهۆی گیرانی لەیلا قاسم و جەواد و هاوڕێکانی تریان دەستنووسی لێکۆڵینەوەکەشیان لەلایەن سیخوڕەکانی حکومەتی عیراقەوە لەناوبردرابوو.

**فراوانکردنی چالاکییەکان**

**دەستکاری**

لە ئازاری ١٩٧٤دا دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ و هێرشکردنەوەی ڕێژیمی عێراق بۆسەر ناوچەکانی کوردستان، ڕێژیمی بەعس دەستیکرد بە کۆچبەرکردنی هەزاران کورد و بۆردومان کردنی هەر دوو شاری قەڵادزێ و هەڵەبجە و ڕاوەدوونان و گرتنی ڕۆشنبیران و قوتابیان و ئازادیخوازانی کورد. هەر لەو کاتەدا هەزاران کەسیش لە تاکەکانی کۆمەڵ بۆ بەرگریکردن لە مافی نەتەوەکەیان ڕوویان لە شاخەکان کرد و چەکی پێشمەرگەیاتییان هەڵگرت. لەو کاتەدا لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی و نەریمان فوئاد و هەندێک لە هاوڕێکانی تریان پێیانوابوو خەباتکردن تەنیا لە شاخ بەس نییە، بەڵکو خەبات و تێکۆشان لە شارەکاندا و لەنێو جەرگەی دوژمندا پێویستییەکی زۆر گرنگی ئەو قۆناخەیە، بۆیە ڕوویان نەکردە شاخەکان و لە بەغدای پایتەختی عێراق بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان مانەوە.

**لەسێدارەدانی لەیلا قاسم**

لەگەڵ بەرفراوانبوونی شەڕەکان لە ساڵی ١٩٧٤دا، دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕێژیمی بەعس بەردەوام و زۆر بەتوندی چاودێری یەکبەیەکی تاکەکانی کوردییان دەکرد. بۆیە ئەوەندەی نەبرد لە ڕۆژی ٢٨/٠٤/١٩٧٤دا لەیلا قاسم و چوار لە هاوڕێکانی (جەواد هەمەوەندی، نەریمان فوئاد مەستی، حەسەن حەمەڕەشید و ئازاد سلێمان میران) لە ئەنجامی هەڵمەتێکی بەرفراوانی هێزەکانی ئاسایش و سەربازی ڕێژیم لە بەغدا دەستگیرکران.[٦][١٠]ڕۆژنامەی زمانحاڵی ڕێژیمی بەعسی دەسەڵاتدار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی نێوخۆیی عێراق، الصورە لەیلا قاسم و هاوڕێکانی وەک تێکدەر و گێرەشێوێن و تیرۆریست بەناو کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەکیشیان بچووکترین کردەوەشیان لەسەر ئاشکرا نەبوو.[١١]

لەیلا لە وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری بەعسدا بێ باکانە ڕایگەیاندبوو: «بە کوشتنی من هەزاران کورد لە خەوی نەزانی وشیار دەبنەوە، زۆر خۆشحاڵ و سەربەرزم کە گیانم فیدای ڕێی ڕزگاری کوردستاندا دەکەم.» هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەک نەیتوانی بڕیاری پەشیمانی بە لەیلا دەربڕێت.




**لەسێدارەدانی لەیلا قاسم**

**دەستکاری**

ڕێژیمی بەعس بە مەبەستی چاوترساندنی لاوان و قوتابیان و چینی ڕۆشنبیری کورد یەکسەر دوای دەستگیرکردنیان دادگایەکی نادادوەرانەی دژ بە لەیلا قاسم و هاوڕێکانی بەڕێوەبرد و بڕیاری لەسێدارەدانیانی بۆ دەرکرد. هێشتا دوو هەفتە بەسەر دەستگیرکردنیان تێنەپەڕیبوو، کە کاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٣ی ئایاری ١٩٧٤، لەیلا قاسم و هەر چوار هاوڕێکەی لەسێدارەدران. تەرمی لەیلا لە گۆڕستانێکی نەجەف شاردرایەوە.[١٢] سەلام قاسمی، برای لەیلا قاسم، بە ماوەیەک دوای لەسێدارەدانی لەیلا هەر لە بەغدا لەلایەن بەعسییەکانەوە کوژرا. تاوانی سەلام قاسم تەنیا ئەوە بووە کە وێنەی لەیلای خوشکی ناردبوو بۆ دەستی قوتابیانی کورد و ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. دایک و باوکی لەیلا قاسمیش بەهۆی لەدەستدانی دوو ڕۆڵەیان، هەر زوو بە کۆست و خەمێکی گەورەوە سەریان ناوەتەوە و کۆچی دواییان کردووە.

هەواڵی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم بە کوردستاندا بڵاو بۆوە. هەروەها هەندێک لە چاپەمەنییەکانی ئەوساکەی جیهان هەواڵی لە سێدارەدانی لەیلا قاسمیان وەک لەسێدارەدانی یەکەم ژن لە مێژووی سیاسی عێراقدا بڵاوکردۆتەوە.

دوای لەیلا قاسم لە سەرتاپای کوردستان هەزاران منداڵی کورد بە ناوی لەیلاوە ناونران. لەیلا قاسم بوو بە چیرۆک و داستان و هەڵبەستی شاعیرانی گەورەی کوردی وەک جگەرخوێن و هێمن و زۆری تر. هەروەک هێمن لەسەر قارەمانی لەیلا دەڵێ:

وەک خەوی من لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من
برۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من
بزەی هاتێ، وتی جەلادی خوێڕی! بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە میدالی ئیفتخارە کە بوومە قارەمانی میلەتی خۆم

**سەرچاوە ویکیپیدیا**

# پەروەردەوگرنگیدان بە مافەکانی منداڵان

ڕەووف محەمەد ئالانی



دانانی بەردی بناغەی هەموکایەکانی ژیان پەروەردەیە، هەرکات ئەو بناغەوبنچینەیە بەباشی دانرا، بێگومان ئەگەر دیوارەکەشی چەند بەردێکی نارێک بوون ئەوەندە کەریگەری نەرێنی نابێت، دەتوانرێت بەئاسانی چاکبکرێت ورێکبکرێتەوە، پەروەردەش بۆژیانی کۆمەڵگە بەوجۆرەیە، وەک بناغەکە وەهایە، جا ئەگەربناغەکە باش چەسپاوبوو، وەستای کارامەش دیوارەکەی دانا بوو، ئەوە هیچ مەترسیەکی نابێ ولەهەموو رویەکەوە، جێی دڵنیایی دەبێت، لەم نموونەیەدا مەبەستمە دیوارەکە بە فەلسەفە وپرۆسەی پەروەردە بچوێنم ووەستاکەش مامۆستایە، دەکرێ بەردوچیمەنتۆوئەوانی تر بەهۆکارەکانی ناو پرۆسەی پەروەردە دیاری بکەین، وەک کتێب وپێنووس وتیانووس وئەوانی تر.

هەر یەکێک لە هۆکارەکانی دروستکردنی خانوویان بینا بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام وەستای باش ئەوە دیاریدەکات کە کام کەرەستەیە باش وگونجاوە بۆ کارەکەی ئەو، وشەی مامۆستاش هەر لەهەمان رۆڵ وپێگەکەیەوە، ئەو ناوەی بەباڵا براوە، هەم مام بێت بۆ منداڵان وهەم ئەو وەستایەش بێت کە باسمکرد.

کەواتە ئەو مرۆڤە مەزنەی دەبێتە نەخشەکێش ودروستکاری ئاییندەی نەوەکانی داهاتوو، مامۆستای باشە.

ماف بۆ مرۆڤ بەگشتی دابینکردن ودەستەبەرکردنی پیویستەکانی مادی ومەعنەویە، بەشێوەیەکی گشتی.

دابینکردنی ماف بۆ منداڵ هەر بەشێوەیەکی سەرزارەکی نابێت، پێویستە زۆربەوردی هەنگاوی بۆ بنرێت و کاری لەسەر بکرێت، چونکە گەورە خۆی هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانی دەدات، تا ئەوکاتەی دەتوانێت، بەڵام منال دەبێ ئەو مافانەی بۆ بەدیبێت ورابهێنرێت لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆی ودەوروبەر، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی پەروەردە، چونکە منداڵان بەپێی تەمەنیان خواستەکانیان جیاوازە، منالی بچووک وساوا، هەرچی بەرچاوی بکەوێت داوای دەکات وبەهی خۆی دەزانێت، زۆرجار وورک دەگرێت لە ناومارکیت وبازاڕداوای زۆرلەوکەلوپەلانە دەکات کە بەرچاوی دەکەون.

لەناوپرۆسەی پەروەردەدا پێویستە ماف بۆ منداڵان دیاری بکرێت، جگە لەمانە پێویستە مامۆستا ماماڵەی مرۆڤدۆستانە بەهەست وسۆزوخۆشەویستیەوە لەگەڵیان بکات، منداڵان کاتێ لەناوقوتابخانەوخوێندنگەن، هەست بەئارامی بکەن، جگە لەو پلانەی کەناوی فێربوونە بەشێوازی هاوچەرخ وسەردەمیانە بۆیان دابنرێت.

ئەو مافانەش بریتین لە دابینکردنی هەموو پێویستیەکانی خوێندن لە قوتابخانەوخوێندنگە ومامۆستا وپرۆگرام.

بەڕوونی لەسەرمافی منداڵان ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ئاماژەی بەمافەکانی منداڵانداوەودەڵێت: (منداڵان تەمەنیان هەرچەندێک بێت، هەموویان وەک مرۆڤی گەورەوئاساییی مافیان هەیە، ئەوەش مافی دەربڕینی بیروڕاوبۆچوون ومافی یەکسانی ومافی تەندروستی و پەروەردە، دەگرێتەوە).

کاتێ ماف بۆ منداڵان دیاری دەکرێت واتە بینینی ئایندەو ژیانێکی باشتربۆ نەوەکانی داهاتوو بنیاتبنرێت.

(نیکۆلاس سپارکس) دەڵێت:( هیچ شتێک ناتوانێت شێوازی ژیان بگۆڕێت تەنها لە بوونی گۆڕانکاری لەمنداڵدا نەبێت).

لای زۆربەی گەلانی پێشکەوتووی جیهان لەڕێگەی پێدانی ماف بەمنداڵان، ژیانی کۆمەڵگەکەیان گۆڕیوە بەرەوئاقاری خۆشبەختی وکامەرانی ودادوەری، فەیلەسوفی ناودار، فریدریک نیتچە (١٨٤٤-١٩٠٠)لەم بارەوە وتویێتی(بۆ ژن، پیاو ئامرازە، بەڵام کۆتایی ئامانج هەمیشە منداڵە).

ڕۆژی جیهانی منداڵان لە ساڵی 1954 وەک بۆنەیەکی جیهانی ڕاگەیەندرا کە هەموو ساڵێک لە 20ی تشرینی دووەمدا بەرێوەدەچێت بۆ بەرەوپێشبردنی وابەستەیی نێودەوڵەتی و هۆشیارکردنەوە لەسەرئەوبڕیارواسپاردانەی تایبەت بەمافەکانی منداڵان پەسەندکراون.

هەروەها پاش ئەوە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافی منداڵان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی١٩٨٩ لەلایەن ١٩٢ وڵاتەوە، بە ڕۆژی جیهانی منداڵان ناسرا.

لەدوای ئەوواژۆکردنە ساڵانە ئەوڕۆژە بەرزڕادەگیرێت وئاهەنگوبۆنەی بۆرێکدەخەن.

لەوانەیە تۆی خوێنەری ئەم وتارە لەدڵی خۆتدا بڵێی تۆی نوسەر لەگوێی گادا نوستووی بۆ لێرە گەورەکان مافیان هەیە تا بۆمنالان ماف دابین بکرێت؟

بەڵێ دەزانم گەورەکان مافەکانیان پێشێلکراوەوخراوەتە قوڕگی شێرونەهەنگەوە، بەڵام ناکرێ منالانیش وەک ئێستای ئێمە بژین ودوارۆژیان بە تونێلێکی تاریک ونادیاری وەک توونی بابا بسپێرین.

مرۆڤ خەون وخەیاڵ وخولیای بۆ دەرباز بوون وگەیشتنە بە ئارامی وژیانی شایستە، ئەگەربۆ ئەوئامانجە خەبات بکەین وبناغەکە دابنێین بێگومان پێی دەگەین، ئەویش بەو وەستا کارامایییەی پێشتر ئاماژەمان بۆکرد دێتەدی کە مامۆستایانی دڵسۆزوخەمخۆروخاوەن پلانی جوانی ژیانی دوارۆژن.

کاتێ منداڵان مافیان پێدراوراهێنران لەسەرداکۆکیکردن وبەرگریکردن لەمافەکانیان، لەداهاتووشدا مرۆڤی خاوەن ڕێزوشکۆمەند دەردەچن بۆ مافی ئەوانی تر، ئەوکات مافەکان پۆلێن دەکەن بۆمافی کۆمەڵایەتی ومافی ئابوری ورۆشنبیری، بەدڵنیایی کاتێک تاک ئەو وشیاریەی هەبوو لەسەرمافەکان، ڕەنگدانەوەی لەسەر خودوکۆمەڵ دەبێت.

دەکرێ مافەکان پۆلێن بکەین بۆمافە سەرەکیەکان، مافی پاراستنی کەسی وئازادیەکان ومافە کۆمەڵایەتی ومافە ئابووریەکان.

ئەوەی ماوەوجێی بایەخ پێدانە وزۆرگرنگە لە ئاکام وئامانجدا دەبێتە ئاسۆی بینینی هەمووومان، ئەویش مافی ژیانی شایستەیە، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

(مافی ئازادی، مافی یەکسانی، مافی دادپەروەری، مافی تاک بۆ دادگاییکردنی دادپەروەرانە، مافی پاراستن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، مافی پاراستن لە ئەشکەنجەدان، مافی تاک بۆ پاراستنی پێگەوناوبانگ).


بەهیوام وەزارەتی پەروەردە گرنگی بەمافەکانی منداڵان بدات و بیکاتە خاڵی وەرچەرخان لە ناوپرۆسەی فێربووندا.

# ڕوبارەکـــــە بۆ بێدەنگ بو؟

## نوسینی:زەکەریاتامر

## وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ئەمین محەمەد

ڕوبارێکی ڕوخۆش وقسەخۆش هەبو هەمیشەحەزی دەکرد لەگەڵ منداڵاندابدوێ،ئەوبەزمانێکی شیرین قسەی بۆدەکردن وئەوانیش گوێیان لێدەگرت وئاویان لێدەخواردەوەودەست ودەم وچاویان لێدەشت،منداڵەکان هەمیشە پرسیاریان لێدەکرد،ئایا زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە یان خۆربەدەوری زەویدا؟ ڕوبارەکەش بەپێکەنینەوە دەیوت:کەگەورەبون بۆخۆتان تێدەگەن،ڕوبارەکە زۆر بەوە دڵخۆشبو کە گیانداران و دارستان ئاودەدات وگوڵەکان دەگەشێنێتەوە،پشیلەکەش ڕوبارەکەی زۆرخۆش دەویست ویاری بەئاوەکەی دەکرد،ڕۆژێک پیاوێکی خراپەکار و دزێو هات و ڕوبارەکەی لە هەمو خەڵک و ئاژەڵ و ڕوەک و هەتا منداڵەکانیش قەدەغەکرد و وتی:نابێت کەستان لەڕوبارەکە نزیک ببنەوە و نابێ ئاوی لێبخۆنەوە،ڕوبارەکە بەو کارەی پیاوە دزێوەکە زۆر دڵگران و غەمگین بو،بەدەنگی بەرز وتی:من موڵکی تایبەتی هیچ کەسێک نیم ،هەموتان دەتوانن سودم لێوەربگرن،چۆلەکەیەکی پیرهات ،بەڕوبارەکەی وت :دڵگران مەبە من بێگومانم تەنها یەک کەس ناتوانێ ئەو هەمو ئاوەی تۆبخواتەوە،بەڵام پیاوە دزێوەکە نەگوێی بەقسەی ڕوبارەکە و نەبەقسەی چۆلەکە پیرەکەدا و پێی وتن:هەرکەسێک بییەوێت ئاو لە ڕوبارەکە بخواتەوە دەبێت دراوێکی ئاڵتونم بداتێ،چۆلەکەکان بەپیاوەکەیان وت:جا خۆ ئەگەر وابێت تۆ زۆر دەوڵەمەند دەبیت،پیاوە دزێوەکە وتی:بەڵێ دەبێت ئێوە هەمو ئاڵتونەکانتان بدەن بەمن،دارەکان وتیان ئێمە باشترین میوەت پێشکەش دەکەین ڕێگەمان بدە با لە ڕوبارەکە ئاو بخۆینەوە،بەڵام پیاوەکە بەرپەرچیدانەوە و وتی:من هەرکاتێ بمەوێت میوەی دارەکان دەخۆم و کەس بۆی نییە لەڕومدا بوەستێت،گوڵە باخەکان وتیان جوانترین و بۆنخۆشترین گوڵت پێشکەش دەکەین ،با ئێمە لە ڕوبارەکە ئاو بخۆینەوە،پیاوە دزێوەکە وتی:جا من گوڵم بۆ چییە،من گوڵم ناوێ ،پشیلەکە وتی:بڕیار بێت من بە ڕۆژ و شەو یاریت لەگەڵ دەکەم تەنها با لە ڕوبارەکە ئاو بخۆمەوە،پیاوەکە وتی:لاچۆ من حەزم لەیاریکردن نییە لەگەڵ پشیلە،منداڵەکان وتیان ئێمە هەمو کارەکانت بۆ ئەنجام دەدەین و هەمیشە هاوکاریت دەکەین،با لە ڕوبارەکە ئاو بخۆینەوە،بەڵام پیاوە دزێوەکە وتی:ئێوە ناتوانن هاوکاریی من بکەن چونکە ئێوە جارێ بچوکن و دەست و بازوتان بێهێزە،بۆیە پێتان دەڵێم کەس بۆی نییە لە ڕوبارەکە ئاو بخواتەوە تا دراوێکی ئاڵتونم نەداتێ،لەو کاتەدا چۆلەکەیەک زۆری تینو بو فڕی بۆ کەناری ڕوبارەکە و تێر،تێرئاوی خواردەوە،بەڵام پیاوە دزێوەکە یەکسەر پەلاماریدا و گرتی،ئیتر دار وگوڵ و چۆلەکەکان بەو کارە زۆر غەمباربون و لە کەناری ڕوبارەکە دورکەوتنەوە،ڕوبارەکەش بڕیاریدا،ئیتر بێدەنگ بێت و لەگەڵ کەسدا یاری و قسە نەکات،دوای ماوەیەک هەمویان کۆبونەوە و بڕیاریاندا پیاوە دزێوەکە لە ڕوبارەکە دوربخەنەوە و بەئاسودەیی بژین،چونکە یەگرتوبون ،پیاوەکەیان لەڕوبارەکە دورخستەوە، بەڵام تائێستا لەترسی پیاوە دزێوەکەڕوبارەکە




## جوانیەکانی ئاسمان

### ڕەووف محەمەد ئالانی

دایە، دایە، هۆ دایە
ئاسمان چیوچی تێدایە؟
ڕۆڵە ئاسمان بەشەوان
پڕە لە ئەستێرەی جوان
جگە لە مانگ شەوانە
چواردەو داس و کەوانە
واشێوەی خۆی دەگۆڕێ
بەڵام لەخۆی ناگۆڕێ
بەڕۆژیش لەکازیوە
تیشکەکانی وەک زیوە
زەوی وا دەنەخشێنێ
وەکو فەرش دەنوێنێ
ڕوناکی و گەرمی ئەوە
زەوی ڕازاوەو کەوە*
لەزستانان و پایز
هەور، تووڕەیەو زیز
بەفرو باران دەبارێ
لافاو زەوی دەماڵێ
ئەمانە جوانی ژیانن
بەرهەمی ئاسمانن.

_ _ _ _

*کەوە بەمانی ڕەنگی شین دێت



# ئۆپەرێتی:
## ڕازی بولبولەکان
### نوسینی:عەلی حەمەڕەشید

له نزیک  ماڵی (ڕێدوان) ،داری هەمەجۆر و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و بۆنخۆش و چیمەنی سەوزو جوان ، باخچەیەکی هێندە ڕەنگین و ڕازاوەیان پێکهێنابوو ،منداڵان تێیدا ئاسودە بوون و ڕۆژانە بۆ یاریکردن ڕوویان تێدەکرد.ئەمجارەیان (ڕێدوان) چاوەڕوانی هاوڕێکانی دەکرد لەسەر چیمەنەکە ڕاکشا بوو گوێی لە جریوەی پاساری گرتبوو، لەو لاشەوە کەناری دەیخوێند و توتی جار جارێک دەیوت: (ڕێدوان  بۆ چی هاوڕێکانت دیار نەبوون؟) .(بەتەنیا یاریکردن ناخۆشە..دەی با ئێمە یاریت لەگەڵدا بکەین تا ئەوان دێن) چۆلەکە پاساری ئاگای لەم وتووێژەی (ڕێدوان) و (توتی) بوو بۆیە خۆی لێیان نزیک کردەوە و وتی:

پاساری:

جریو جریو هاوڕێ گیان...ئەمڕۆ بۆچی بە تەنیای
هاوڕێکـانت دیارنین و...ئێستا لەگـەڵ ئێمەدای
...
تـا ئەوان  دێن پێکـــەوە...لەگەڵ توتی و  کەنــاری
کاتی خۆش بەسەر دەبەین...بە   گـــۆرانی و بەیـاری
ڕێدوان :
بـەزوویی  وەرن بۆلام...بۆچی لـەدوور دەڕوانن
لەگەڵ ئێوە دڵخـــۆشم...ئای چەند دڵگیر و جوانن
...
ڕۆژانــە دەنگی ئێوە...وەکـو مۆسیقا  وایە
ئارامیم پێدەبەخشێ و ...گوێچکەم پێی ئاشنایە
توتی و کەناری و پاساری:
واهاتین هاوڕێی ئازیز...دڵخۆشین هەروەکو تۆ
تاوێک یاری دەکەین و...تاوتـاوێکیش گفتوگۆ
ڕێدوان : (بەپێکەنینەوە)
پاسارییەک هاتووە...بەجـریوە پێمدەڵێ
پاساری:
هەر کاتێک بانگیان کردی...بــــە زوویی بڵێ بەڵێ
...
هەرکەسێک یارمەتی دایت...بڕۆ  لای بێ قسـەو باس
تەماشای چـاوی بکە و...بەنــــەرمی بڵێ سوپاس
...
کەسێک پێی وتی سوپاس...بڵێ   شـــایانی  نییە
وەڵام دانـــەوەی  خێرا...نیشانەی دڵخـــۆشییە
ڕێدوان :
کەناریش وەک پاساری...دەڵێ وەک ئێمـە ژیربە
کەناری:
خاوێن و لەسـەرخۆبە...وریا و ڕوخسار دڵگیربە
...
هەرکاتێک چووی بۆ ماڵێک...لەدەرگا بدە لــــە دوور
کە ئەوان وتیان فەرمـوو...ئەوسا تۆ بچـــۆرە ژوور
...
سڵاو بکە و بەنــــەرمی...ڕێزی خـــۆیشت بنوێنە
وەڵامیـــــان  بدەرەوە و...بە جـــوانیی بیاندوێنە
...
با لێبوردن پیشـەت بێ...بەرامبەر هاوڕێکـــانت
تا زیاتر خۆشەویست بی...پڕ خۆشیی  بێ ژیـــانت
توتی:
(توتی بەدەنگی خۆشیی...کەوتۆتە قسەکـردن)
دەڵێ بانکی زانیارییت...هەتا زۆر بێت وەکو من
...
پرسیار بکـە مەتــرسە...چونکە بـەپرسیارکـردن
زانیاری تۆ زیـاد دەبێ و...دەڕۆی بەرەو سەرکەوتـن
ڕێدوان :
ئیتر توتی و پاســـاری...بوون بە هاوڕێی کەناری
لـەو شــوێنە دڵگیرەدا...خێرا کــــەوتنە یاری
...
وتیان وەرە بۆ لامـــان...پێکەوە یاری دەکـــەین
وا ئێستا بووین بە هاوڕێ...هەموو بەشداری دەکەین
ئەوان وردە وردە هاتنە خوارەوە بۆلام و کەوتینە یاریکردن،هێندەم زانی یەک یەک هاوڕێکانم پەیدا بوون،کە ئێمەیان بینی واخەریکی یاریکردنین بەخۆشییەوە تەماشایان دەکردین.ئیتر توتی بەدەنگێکی خۆش پێی وتن:
توتی:بەخێر بێن ،دەی وا ئێمە دەڕۆین وەرن ئێوە یاری بکەن. هاوڕێکانی ڕێدوان  گوێیان لەو گۆرانییانە بوو کە دەیانوت بۆیە یەکێک لە هاوڕێکانی ڕێدوان  وتی:
کارا: نا ئێوە مەڕۆن باپێکەوە گۆرانییەک بڵێین و هەموو بەشدار بین.پاساری و توتی و کەناری هەر جارە و لای یەکێک لەمنداڵەکانەوە دەوەستان تا گۆرانییەکە تەواو بوو .
هاوڕێی یەکین بەسۆزین...بۆ یەکتـری دڵسۆزین
لەگەڵ یەکدا هاوکـارین...بۆیە ئـاوا بەختیارین
بەکـــردار و گفتوگۆ...یەکمـان بینی ڕاستەوخۆ
چی پێویست بێ زووبەزوو...ئەنجـامی دەدەین هەموو
یارمـــەتیدان هـەمیشە...ســـەرەکیترین ئیشە
لای ئێمـەی ژیر و وشیار...بچکـــۆلە و ئازا و نازدار
٢٠٢١/٨/١٤



# سەرنجێکی کورت لەسەر ئەو دەقانەی تایبەتن بە ئەدەبیاتی منداڵان..

## فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی /سلێمانی

بێگومان ئەدەبیاتی منداڵان وەک ژانەرێک لەئەدەبیاتی کوردی هیچی لەژانەرەکانیتر کەمتر نیەو گرنگە بۆمنداڵانمان ڕەنگدانەوەی لەژیانیان دەبێتە مایەی ئاوەدانکردنەوەی هزروبیریان، هۆکاری ڕۆشنبیرکردن و زاخاودانی مێشکیانە بەزانیاری و زانستی و هونەریی جۆربەجۆر وپاشان پەروەردەکردنیانە بەرۆحیەتیەکی جوان و ناوازە ،بەمەرجێک تایبەتمەندییەکانی نوسینی منداڵانی تێدا ڕەنگبداتەوە .

بەبیرو ئەزمونی نوسینم بۆ منداڵان، پێویستە نوسین بۆ منداڵان لەدوو ڕووەوە گرنگی پێبدرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت..

١ـ لەڕوی ناوەڕۆکەوە ..

پێویستە ئەو هۆنراوەیەیان چیرۆکە یان ئەو ئۆپەرێت و سیناریۆیانەی دەنوسرێن بۆمنداڵان زادەی بیرو خواست و خولیای منداڵانبێت و باس لە پرسی دنیای منداڵان بکات وبەدوربێت لەتوندوتیژی دەرونی و جەستەیی چونکە ئەمانە لەجاڕنامەی مافەکانی منداڵان ڕێگەپێدراونین .هەروەها دەقی نوسین بۆ منداڵان دەبێت بەدوربێت لەرەگەزپەرستی و دەمارگیری و چینایەتی هەروەها بەدوربێت لەجیاوازی ڕەگەزی لەنێوان نێرو مێ و گرنگیدان بەلایەک و فەرامۆشکردنی لایەکەیتر ،هاوکات پابەندبون بەکۆمەڵێک داب و نەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگا وەک بەهاکۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکان بەتەواوی لەنوسینەکاندا ڕەنگبداتەوە، وەک دەست و دەمپاکی و بەخشندەیی و هەستی مرۆڤایەتی هەبن لەبابەتەکاندا بەشێوەیەکی ئاسان .

٢ـ لەڕوی ڕوخسارەوە ...

دەبێت نوسین بۆ منداڵان زۆر سادەو لەکۆمەڵەوشەیەک پێکهاتبێت کەمنداڵ لێی تێبگات و وشەی قورس و ناجۆری تێدانەبێت ، مەبەستەکان بەکورت و پوختی بخرێنە ڕو درێژدادڕی و دوبارەکردنەوەی تێدانەکرێت چونکە منداڵ بێزاردەکات ئەگەر بابەتەکە چیرۆک بوو ڕەنگە ١٠٠هەتا ١٥٠ وشەبێت باشە ،بەڵام دەبێت ئەوەبزانین چیرۆک بەزمانە کلاسیکیەکەی جاران نەبێت،کەدەڵێ هەبوو ... نەبووو ،یان لەڕۆژێک لەڕۆژان لەدێیەکدا،،،،،

بەڵکو دەبێت سەرەتایەکی سادەو سەرنج ڕاکێشی هەبێت و خەیاڵی منداڵانەی تێدابێت و کاتی یان شوێنی تێدا دیاریکرابێت ، بۆنمونە /ئەو ڕۆژە هیوا لە کتێبخانە گەڕایەوە ،زۆر دڵی خۆشبو،چونکە زانیاری باشی لەبارەی کتێبخانەوە پەیداکردبوو......

هەروەها هانی منداڵ بدات بۆ بیرکردنەوە و داهێنان لەڕێگەی بونی کێشەیەک لەچیرۆکەکەدا و هەوڵی شیاوو واقیعیانە هەبێت بۆچارەسەری ئەو کێشەیە وهیوابەخشی تێدابێت و هەتا منداڵ دڵتەنگ و بێزاروبێ ئومێد نەکات بۆ گەیشتن بەئامانجێک یا بەخەون و حەزو مەبەست و خولیاکانیان..



# من وەرزش دەکەم

من وەرزش دەکەم، بۆ سوودی لاشە
بۆ تەندروستیم، بۆ هزرم باشە
بە ڕێک و جوانیی، دەکەومە جوڵە
وەرزش سوودبەخشی دەروون و دڵە

من وەرش دەکەم بۆ شادیی ژیانم
بۆ هێزی جەستەم، بۆ تینی گیانم
تەماشامکەن زوو، چۆن هەڵدەپەڕم
لەگەڵ وەرزشدا گۆرانیی دەچڕم

من وەرزش دەکەم بۆیە ئاسوودەم
نەخۆش نیم، ساغم، من لێو بە خەندەم
هاوڕێیان ئێوەش، وەرزش بکەن دەی
با تەندروست بن، تا بڵێن ئۆخەی

**ڕۆستەم خامۆش**
**هەولێر 2018**



# یەکی شەش جەژنی منداڵان

## رزگار خدر

وادیسان یەکی شەشە
منداڵان دڵیان خۆشە
دایەگیان و بابە گیان
جەژن پیرۆزکەن لێمان
ئەمڕۆ جەژنی ئێمەیە
دەرونمان پڕ خەندەیە
بەجوانی پەروەردەم کەن
مافەکانم ، دانبیکەن
فێرم بکەن ، بخوێنم
دوارۆژم بەدەست بێنم
بەپەروەردەیەکی زۆرجوان
پیشانم دەن ڕێی ژیان
ڕێز لەچواردەورم بگرم
ژینگەم خاوێن ڕابگرم
بگرم ڕێگەی تێکۆشان
خۆشم بوێ کوردستان.



# گورگ و بەرخە سپی

## چیرۆک بۆ منداڵان

عوسمان دەروێش

هەموو جارێک دایکەکە ئامۆژگاری بەرخەکەی دەکرد ، پێی دەوت ..
لە ڕانەکە دامەبڕێ و لەگەڵ خۆمدا بلەوەڕێ ، بەهۆی ژیریی شوانەکە و ئازایەتی سەگەپاسەوانەکەیانەوە
خەمی هیچیان نەبوو ، هەمیشە شوانەکە بۆ لەوەڕگەی باشی دەبردن ، تا ئێوارە بە ئارەزووی خۆیان گژوگیا و پووش و پەڵاشی ئەو هەردە و یاڵانەیان دەخوارد ، سەگەکەش وەکو پاسەوانێکی وریا بەدەوریاندا دەخولایەوە و چاودێری دەکردن ، بەڵام بەرخە سپی نە گوێی بە ئەمۆژگاری دایکی دەدا و نە ترسی شوانەکە و گەماڵە بۆری هەبوو ، بە ملهوڕی خۆی زۆر جار لە ڕانەکە دادەبڕا و لە هاوڕێکانی جیا دەبووەوە ، یان بە پلار تێگرتنێکی شوانەکە یان بە مڕە مڕ و وەڕینی گەماڵە بۆر دەهاتەوە نێو ڕانەکە .
ڕۆژێک شوانەکە بۆ کەمێک سەرخەو شکاندن ، لە ژێر کەڵۆزێکدا جێی خۆش کرد ، گۆچانەکەی خستە ژوور سەری و لێی پاڵکەوت ، گەماڵە بۆریش لە پەنای ڕانەکەوە هەڵتوتابوو ، بەرخەسپی ئەوەی بەهەل زانی دیسان سەرکێشی کرد و لە ڕانەکە جیا بووەوە ، کەس درکی پێنەکرد ، چووە پشتی کەڵۆز و گردۆلکەکەوە ، تا لە ڕانەکە دوور کەوتەوە کەس پێی نەزانی .
گورگێکی برسیش لەو دیوی گردۆلکەکەوە خۆی مەڵاس دابوو ، لەترسی شوانەکە و بۆرەی پاسەوان نەیدەوێرا نزیکی ڕانەکە ببێتەوە ، لەو دوورەوە چاوەڕێی هەلێک بوو بۆی بڕەخسێت و پەلاماریان بدات ، یان یەکێ لە ئاژەڵەکان لە ڕانەکە جیاببێتەوە و ئەویش بە بێدەنگ بیکات بە ژەمە خۆراکێکی چەور و بیخوات .
کە بەرخە سپی بینی لە ڕانەکە جیابووەوە ، لەخۆشیدا لیک بەدەمیا هاتە خوارەوە ، بە ئەسپاییەوە بانگی کرد ... هاوڕێ گیان وەرە خوارەوە ، بڕوانە ئێرە چەنێ لەوەڕی خۆشی لێیە .
بەرخە سپیش لە نیازی خراپی ئەوی نەدەزانی ، هێدی هێدی بەرەو لایەوە چوو ، مام گورگیش دەیویست بە قسەی خۆش بیخەڵەتێنێ و شۆڕی بکاتەوە بۆ نێو شیوەکە ، لەوێ بە ئارەزووی خۆی ونجڕونجڕی بکات و بیخوات .
بەرخەکە لێی نزیک بووەوە ، ئینجا گورگەکە پێی وت .. ئای چی قەرسیلێکی سەوز و تەڕی لێیە ، وەرە با پیشانتی بدەم .
خۆی کەوتە پێشی و بەرخەکەش لەسەر خۆ دوای کەوت ، پێش ئەوەی بچنە نێو دۆڵەکەوە و بە یەکجاری لەچاو ونبن ... گەماڵە بۆر بەتاو بۆیان چوو .
جگە لە هەڵاتن ... مام گورگ هیچ چارێکی دیکەی نەبوو ، بەرخە سپی بەم کارەی گەماڵەبۆر کردی دڵگران بوو ، پێی وت .. بۆ هاوڕێکەمت ڕاونا ، خۆ ئەو خۆشی دەویستم و لەوەڕی باشی پیشان دەدام .
گەماڵە بۆر پێی وت .. دوامکەوە ، با ئەو لەوەڕگەیەی ئەوت پیشان بدەم ، پێکەوە چوونە ناو دۆڵەکەوە ، لەوێ ئێسک و پروسکی چەندین کار و بەرخی پیشاندا ، وتی .. ئەمانەش وەکو تۆ سەرەڕۆ بوون ، لەڕانەکە جیادەبوونەوە ، ئەوگورگەش بەناوی لەوەڕەوە دەیخەڵەتاندن و دەیهێنان بۆ ئێرە ، لێرەش ملیانی دەشکاند و دەیخوردن ، بەنیاز بوو تۆش بەدەردی ئەوان ببات ، باش بوو فریات کەوتم ، ئەگینا ئێستا خوردبوویتی .
بەرخەسپی سوپاسی گەماڵە بۆری کرد ، پێکەوە گەڕانەوە ناو ڕانەکە ، ئینجا ئامۆژگارییەکانی دایکی وەبیر هاتەوە زانی دایکیشی لەبەر هەمان هۆ ئەوەی پێ دەوت ، پاش ئەو کارەساتە .. بەرخەسپی ئامۆژگارییەکانی دایکی لەگوێ دەگرت و ئیتر ببڕای ببڕ لە هاوڕێکانی جیا نەدەبووەوە



# نزیکتر لەخەون

تەنیا خۆت نا
ئەو وشانەشم خۆشدەوێن
وەک پەپولە لێوەکانت جێدەهێڵن و
لەنێوانماندا وون دەبن
سەرسامم بەو بێدەنگییەت
ڕازی شاراوەی دەرونت دەخەنە ڕوو
خۆشم دەوێی هەر وەکو
ئەو پێکەنینەی
خەمەکانم بۆچەند ساتێک دەتارێنێ
وەکو ئەو هەورە جێماوەی
بەسەردرەختی تینودا نەرم نەرم دەبارێنێ،
ئەو فرمێسکە قەتیسانەشم خۆشدەوێن کە
لەگۆشەی چاوەکاندا
وەکوخوناوی بەرهەتاو پرشنگدارن
خۆشم دەوێی
بەقەد هەموو ئەوکاتانەی
بەبێ ئازار تێدەپەڕن،
خۆشم دەوێی
بۆچاوەڕوانی ئەو ساتەی
کەس نازانێ
لەکوێوە دێت و کەی دەگات!،
خۆشم دەوێی لەبەر ئەوەی
تۆ وەکو خۆر
چەندین ڕەنگی نەبینداروات بەخەونەکانم
بەخشیوە
تۆ وەکو شەوی ئارامیت
سەدان خەونت پێشانداوم
کەهەرگیز پێشتر نەمدیوە،
بۆهەمیشەخۆشم ویستی و
خۆشم دەوێی
لەپێناوی دوارۆژێکدا
کەنازانم جێ دەمێنێت یاخوت دەگا
ئاییندەیەک بەستەڵەکی ئومێدێک
بتوێنێتەوە
چەندین لەتی دڵی شکاو
چەندین کۆشکی بلورینی
متمانەی بەرزی داڕوخاو
چاک بکات و
وەکو پێشوی لێبێتەوە؟!

مەهدی زریان



# زامـی کـۆڕەو

## هاژە بەرزنجی



زامی کۆڕەو

ئەو کاروانە بۆ کوێ ئەڕوا؟
ئەو (ڕەوە ملوێنیە) بۆ کوێ؟
کە ڕێگای هات و نەهاتی گرتۆتە بەر
ئەوپیرە مێردە شەکەتە
ئەو پیرەژنە لێو بەبارە
دڵ پڕ کەسەر
کۆمەڵێک منالی ساوا
لەباوەشی نایلۆنێکی بەر بەرباران و
ئەو سەرمایە
بەرەو شاخ و چیاو دۆڵ و هەڵدێر دەچن؟
ئەم هەموو شۆخەژنانە
بۆچی لەژێر کۆڵ و باری...
زامی کۆڕەوەدا ملکەچن؟
خەڵک بۆچی؟
نیشتیمان بەجێ ئەهێڵێ
ئەم کۆڕەوە
دەشێ ڕۆژی حەشر و کۆتایی جیهان بێ؟
دوا ماڵئاوایی هەناسە و
بۆهەمیشە دابڕان بێ؟
بڵێ ئەوگەلەبەدبەختە
چی کردووە؟
بەشی غوربەت و گریان بێ؟
وتیان ئەمە
کۆڕەوی گەلی کوردانە
ئەمە پیلانی دوژمن و..
بێدەنگیی هەموو جیهانە
لەوەتای ئەم کوردە هەیە
کۆڵ بەکۆڵ و دەربەدەرە
ژێر دەستەیەو دەست بەسەرە
ڕۆژێک کیمیاباران دەکرێ
ڕۆژێک ئەنفال
کەچی جیهان کوێر و کەڕ و بێ خەبەرە.
نەتەوەکەم ، تاکوئێستا
ڕووبارێک خوێنی بەخشیوە!
سەدان زیندان و سێدارە و..
کۆڕەوی ملوێنی دیوە!
کەچی ئێستاش بستی خاک و
هەرێمێکی بچکۆلانەو
ئاڵایەکی بۆ بەشایستە نازانن
چاوەڕوانی سڕینەوەی
هەموو نەخشەی کوردستانن!
xxx

# قەڵادزێ

## ئێستاش فرمێسکان دەخوێنێتەوە

لە قەڵادزێ بەناو سەمفۆنیای گەردەلوول و تەمتوومان و دوکەڵ و بۆکرووزی خۆڵەمێشی سووتاوی مرۆڤەکاندا تێپەڕیم و بەدووریانی تاڵ و تارمایی شەوانی تەنیایی شاردا گوزەرم کردو بە هیوایەک ، بە ئومێدێک نەگەیشتم ، ژیانی تاڵ و تارم ڕووناک کەنەوە ، لەهیچ گۆشەیەک و نیگایەکەوە ئومێدێک خۆی نەخستە سەر ئاوزەنگی گۆرانیە حەزینەکانی تەمەن و لایلایەی دایکانی ڕەشپۆشی شارێکی وێرانەی بێ بەهارو نێرگز

شارێکی سووتاو

شارێک لە چرە دووکەڵی سووتانی قوتابییەکانی زانکۆی شاردا خنکاو

ئێستاش من گۆشەنیگای ژیانەوە لەگەڵ خوێن و کارەساتەکاندا ئەدوێم و دیدارێک لەگەڵ پەپوولە و کۆترە سپیەکانی شاری شەهید ساز ئەدەم و خوێن ئەکەمەسیناریۆی مەرگ و ئۆرکسترای ژیانەوە.

ژیانەوەی شارێکی بێ بەهار

ژیانەوە بۆ شار و مەرک بۆ مۆتەکە و تارماییەکانی بەعسی ڕووخاو

ئێستا لە قەڵادزێ ، ژیان ونە و (خوێنیش خەنە بۆ دەستو پێ) ئێستاش کەژاوەی گریانی شار لەگەڵ فرمێسکا چۆپی دەگرێ و ڕقی پیرۆز بە زێی بچووکدا بۆ دیجلەو فوراتی تاوانەکان دەنێرێ و زەردەخەنەی ئازادی و ڕاسانی ژیان ئەکاتە تێشووی سەفەری شەوانی تەنیایی و تارمایی شار ، ئەوشارەی لە 24/4/1974 دا خەڵکە ستەمدیدەکەی خەڵتانی خوێن کراو لە 1982 ش ڕاساو لە 1989ش بەرەو ئۆردوگا زۆرە ملێکان ڕاگوێزرا قەڵادزێ ..

شاری بێ بەهار

قەڵادزێ ، شارێک، چۆڵ ، وێران ، زۆردووریش لە ژیان و ئاوەدانی

ئێستاش دەرگا کلۆمدراوەکانی حەفتاوچوارو پەنجەرەشکاوەکانی هەشتاونۆ بەڕووی عیشق و ئازادی ئەو شارەدا نەکراونەتەوە، دڵنیام ئەمەش قەدەری مێژوویەکی تاڵ و کارەستباری ئەو شارەیە کە زۆر دوور لە زەردەخەنە ،تەنهاو تەنها فرمێسکان دەخوێنێتەوە



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

تاجێک بەسەری دارەبنە نازادارە تاقانەکەی سەرقەڵاتی چوارتاوە ،هەناسەیەک پڕ لە پڕوشەو ،پڕوشەیەک هەمیشە یاخی و ،لەسەر هەموو کوچەیەکی شارو ،هەنگاوێکی ماندو نەبوو خۆی ڕێگا بوو دەستی لەدەستی هەموو سرتەیەکی شاردا بوو ،مانگەشەوی ئەبردە بەر بەربەیان و لەگەڵ کازێوە ئەی ئاخنینە تاریکیەوە ، زمانی ئەستێرەکانی ئەزانی ئەو ڕیزی دەکردن ئەیکردنە ملوانکەی ملی شار لەسەر ڕێگاکان ئەیکردن بەسەمای ئەو ئاوازانەی کە پڕ بوون لەسەدای ئازادی ، بەگەردنی هەموو تنۆکە عارەقێکی گەردنی شاخەوە سرتەیەکی فێنک بوو ،ئەو مینەکەی ڕەنجدەران و دەست و بازووی هەڵمەت و هەڵوێست و کۆڵنەدان بوو .

نەمر کاکە حەمەمین محەمەد /حەمەمینی خەیاتە بەرزە/ مینە چوارتایی ساڵی ١٩٥٢ لەشارۆچکەی چوارتا لەخێزانێکی دیندارو نیشتیمانی و کوردپەروەر لەدایک بووە ،لەهەمان شار خوێندنی سەرەتایی خوێندووە لەخێزانێکی هەژار پەروەردە بووە بۆیە هەر زوو وازی لەخوێندن هێناوەو دەستی کردووە بەخەیاتی لای باوکی هەمیشە دەستی ڕەنج و کارو تێکۆشان بووە .

کاکە مینە هەردوای ئاشبەتاڵەکەی بزووتنەوە چەکداریەکەی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی دا ، بونەتە یەکەم شانەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستان /کۆمەڵەی مارکس و لینینی/ و زۆر ئەکتیڤ بوون و وەکو پێشمەرگەی ناوشار چەندین کاری گەورەو بچوکی ناو شاریان ئەنجام داوە هەربۆیە زۆر درێژەی نەکێشا لەساڵی ١٩٧٩ئاشکرا بوون و ڕووی کردە شاخ و خەباتی شارو شاخی لێکداو بووە تەواوکەری کاروانە درێژەکەی خەبات و دوایی دەورەیەکی کادێران لەشاخ دەبێتە کادر و ڕابەری سیاسی لەکەرتی یەکی هەرێمی سێ ،پیاوێک بووە لەوورەو تێکۆشان ،هەڵوستی مەردانەی هەمیشە دیارو ئازایانە بووە لەماوەی پێشمەرگایەتی دا جێ دەستی دیار بووە هەم بۆ کاری پێشمەرگانەو سەربازی هەم بۆ کاری ڕێکخستن و ناو شار بەشداری شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانی کردووە لە بانەو مەریوان و هەموو چالاکیەکانی سنوری کەرتی یەک و لەسنورەکانی شارباژێرو ئالان و سیوەیل چالاک بووە ،بەداخەوە لە بەرواری ١٩٨١/٠٦/٢٤ لە گوندی وەرازی شارباژێر سنوری چوارتا دەچێتە کاروانە پڕ ڕێبوارەکەی نەمران ، چەند دەستێکی پیس و گڵاو لە شەوێک دا بەنادیارو پەنهان گەشمردەیان کرد هەزار یادت پیرۆز بێت یادت بەخێر پیاوە جوانەکەی نیشتیمان /ڕزگارەسوور




# لە ساڵیادی مەرگەساتی ئەنفالدا

## رائید بەرهەم سەراوی

بڕیاری بەعس ئاوابوو (هەرچی ماڵ و سامانی پێشمەرگە هەیە دەستی بەسەردا بگرن بۆخۆتان ژنەکانیشیان بەپێی شەرع و یاسا حەڵاڵی ئێوەیە). ناوهێنانی پێشمەرگە تەنها مەبەستی چەکداری کورد نەبوو، بەڵکو هەموو گەلی کوردی بە پێشمەرگە داناوە، ئەوکات پێشمەرگە نە ماڵی هەبوو نە سامان.

ئەمە بڕیارێکی قەرەقوشیانەی بەعس بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا، بەناوی ئەنفالەوە پاکسازی جوڵانەوەیەکی ڕەوا بکات و نەک هەر پەلاماری هێزە چەکدارەکەی بدات، بەڵکو هاووڵاتیانی مەدەنیش بەئامانج بگرێت، لە ڕوانگەی شەرع و یاساوە سەروماڵیان حەڵاڵ بکات.

بەعس خۆی بە دەق ئایەتی قورئانی بۆ ناولێنانی هێرشی سوپاکەی بۆ سەر کوردستان هێناوەتەوە، کە دڕندانەترین شێوازی پاکتاوی ڕەگەزییە بەرامبەر بە کوردی بە ئاین موسڵمان کە نابێت ئەنفال بکرێت، کەچی ڕژێمی بەعس وەک حزبێکی شۆڤێنی نەتەوەی عەرەبی ڕوپۆشێکی ئایینی پۆشیبوو بۆ ڕەوایەتیدان بەخۆی بۆ تواندنەوەی بەرامبەرەکەی.

لە ڕاستیدا ئەنفال ئەڵقەیەکی جینۆسایدە (زنجیرە هێرش و پەلامارەکانی ئەنفالیش وەک دەرکەوت پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو تاوانەکەی تەواوی خەسڵەتەکانی تاوانی نێودەوڵەتی پێوەیە)، لەوکاتە بەدواوە دەستەواژەی ئەنفال بۆ هەتایی و لای هەموو عەرەبێک واتایەکی تازە هەڵدەگرێ کە حزبی بەعس پێی بەخشیبوو ئەویش قڕکردنی بەکۆمەڵ بوو.

لەساڵی 1988 بە فەرمی بڕیاری لێدراو دەرهەق بە 182هەزار کورد بە چەند قۆناغێک جێبەجێ کرا.

قۆناغی یەکی ئەنفال: لە دۆڵی جافایەتی دەستی پێکرد ئەم ناوچانەی لەخۆگرت (دوکان، بنگرد، چوارتا، قەڵاچوالان، سەرچنار، سورداش، زێی بچووک، ئەزمەڕ، سوسێ، ماوەت، سەرگەڵو و بەرگەڵو) لە 18 ی مانگی ئازاری ساڵی 1988 کۆتایی پێهات .

قۆناغی دووی ئەنفال: ناوچەی قەرەداغی گرتەوە تاوەکو نیسانی ساڵی 1988 ی خایاند ئەم ناوچانەی لەخۆ گرت (چیای گڵەزەردە، بازیان، قەرەداغ، دەربەندیخان، زەڕایەن و عەربەت)

قۆناغی سێی ئەنفال: بە ئەنفالی گەرمیان ناسرا بوو ئەم قۆناغە لە هەموو قۆناغەکانی تر کارەساتبار تربوو، ئەم ناوچانەی لەخۆ گرت ( دوزخورماتوو، کفری، کەلار، دەربەندیخان، چیاکانی قەرەداغ، تەکیە، چەمچەماڵ، قەرەهەنجیر، قادرکەرەم، سەنگاو و ئاغجەلەر) لە حەوتی نیسان تا 20 ی نیسانی ساڵی 1988 ی خایاند .

قۆناغی چواری ئەنفال: ئەنفالی حەوزی زێی بچووکە ناوچەیەکی فراوانی گرتەوە، ئەم ناوچانەی لەخۆ گرت ( شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە، گۆپ تەپە، عەسکەر، دێگەڵە و ئاڵتون کۆپری) لە سێ تا هەشتی مایسی ساڵی 1988 بەردەوام بوو .

قۆناغی پێنج و شەش و حەوتی ئەنفال: دۆڵی ناو چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندزی گرتەوە، ئەم ناوچانەی لەخۆ گرت ( چۆمان، شاخی قەندیل، ڕانیە، چوارقوڕنە، هیزۆپ و شاخی باواجی)



لە پانزەی مایس تا 26 ی ئابی خایاند .

قۆناغی هەشتی ئەنفال: ئەنفالی بادینان بوو، ئەم ناوچانەی لەخۆ گرت ( دهۆک، زاخۆ، کانی ماسی، زێوە، دێرەلۆک، ئەتروش و زاوێتە) لە 25ی ئاب تا شەشی ئەیلولی ساڵی 1988 ی خایاند.

ئەوەی جێگەی داخە تائێستاش ئەوکارەساتانە نەبوون بە بابەتی هەموان وەک یەک پابەندبین پێوەی یان یادی ئەنفال و کارەساتەکانی دیکەش بکەینە سیمبولێک بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوایەتیمان.

ئەرکی هەر یەکێکمانە لایەنی هۆشیاری لای خۆمان زیاتر قووڵ بکەینەوە چیتر لایەنی بەرگریکار لە دۆزی ئەنفالکراوان تەنها ئەرکی کۆمەڵێک لە خەڵک نەبێت و ئەوانی دیکە بێئاگابن.



# ڕۆژنامەی کوردستان

ئامادەکردن
ڕەفیق ساڵح
سدیق ساڵح
بەشی چوارەم

دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هاتوەتە عیراقو نووسینی لە گۆڤارو ڕۆژنامەدا بڵاو کردوەتەوە، ١٩٥٩ لە سووریا گیراوەو سآ ساڵ لە بەندیخانەی (مەززە) توند کراوە. یەکێکە لە دامەزرێنەکانی کۆمەڵی (پێشڤەچوون). چەپو لایەنگری حیزبی شیوعی سووریا بووە. لە گۆڤارەکانی "گەلاوێژ"و "هاوار"و "ڕۆژا نوو"و "ڕۆناهی"دا نووسیویە. لە شام ژنی هێناوە. ١٩٧٢ بە نەخۆشی دلڕ کۆچی دوایی کردووە .

٧٨)سەیید کامیل: ٢ شیعر.

سەیید کامیل کوڕی سەیید عەبدولحەکیم کوڕی سەیید عەبدولکەریمە، ١٩٠٣ لە دآی (زەنبیل) هاتوەتە دنیاوە. ١٩١٢ لەلای باوکیو مامی دەستی داوەتە خوێندنی دینیو زمانی عەرەبی. پاشان لەلای مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە دآی (باغچە) خوێندوویە.فەقێیەتیی لە دێهاتی (جەمیان، تورجان، کانی سێو، باغچە) کردووە.

١٩٣٠ بەهۆی نەخۆشی باوکیەوە دەستی لە خوێندن هەڵگرتووەو ژنی هێناوە. کە باوکی مردووە، ماڵی بردوەتە دآی (ئاشی چۆمی)و خەریکی کشتوکاڵ بووە. ئەمجا گوێزاویەتیەوە بۆ دآی (گەردیگلان). ١٩٤٦ گیراوەو دوو ساڵ حوکمی لە بەندیخانەکانی شادا بەسەر بردووە، ١٩٤٨ ئازاد کراوە.

ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٤ لە دێیەکانی (جەمیان، زەنبیل، چۆچان) ژیاوە. دواتر تاسەر لە دآی (قاقڵاوا) نیشتەجآ بووە، تا لە ٢٧ی ئابی ١٩٨٩دا کۆچی دوایی کردووە. سەیید کامیل ناسناوی "ئاوات"و "ئیمامی"ی لە شیعردا بەکار هێناوە .

٧٩)یاماوزەڕی بلە زادە: ١ نووسین بە ٤ ئەڵقە.

٨٠)م. م. مەنگوڕی: ٣ وتار. میرزا محەممەد ئەمین مەنگوڕییە.

کوڕی ئەحمەد کوڕی فەقآ برایم کوڕی مەلا یووسفە. فەقآ برایمی باپیری، کاتی خۆی لە دآی (سوێناس)ی ناو عەشیرەتی گەورک دانیشتووە. باوکی، بەهۆی کێشەیەکی عەشایەرییەوە ناچار بووە بچێتە ناو عەشیرەتی مەنگوڕ لە دیوی کوردستانی عیراق، لە دآی (زوودان) جێگیر بووە.هەر لەوآ "گوڵێی کچی فەقآ وەیس"ی هێناوە. لەوەوە ناسناوی
مەنگوڕیی بەسەر بنەماڵەکەیدا بڕاوە.

میرزا محەممەد ئەمین ١٩١٠ لە قەڵادزآ لەدایک بووە. بە مناڵی لای مەلا حەمەدەمینی ماڵخۆبزنی خراوەتە بە خوێندن، بەڵام لەبەر ئەوەی حەزی لە خوێندن نەکردووە، دەرکراوە. کە ناوچەکە کەوتوەتە ژێر دەستی ئینگلیز، دووبارە خراوەتەوەحوجرە، لەلای مەلا مەحموود ناوێک دەرسی دینیی وەرگرتووە. کە بەهۆی بازگانیی تووتنەوە لەگەڵ باوکیدا کەوتوەتە باشووری عیراق، لە (سوارییە) پۆلەکانی پێنجەمو شەشەمی سەرەتایی تەواو کردووە. دوایی دەستی داوەتە کاسبیو سەرکەوتنی تێدا بەدەست نەهێناوە.بۆیە بووە بە میرزا لەلای مامەند ئاغای سەرخێڵی ئاکۆو ناوی میرزای لەوکاتەوە لێ نراوە.

١٩٣٢ دامەزراوە بە قۆڵچیی دائیرەی ئیستیهلاک، مانگی بە ٥٥ ڕووپیە. پاش ماوەیەک دەرکراوە. هەمان ساڵ لە ٢٣ی ئابدا خولێکی سآ مانگەی پۆلیسیی دیوە، ئەمجا خراوەتە خولێکی سآ مانگەی موخابەرەی هیلیۆگرافی مۆرس؛ بووە بە موخابەرەچیو نێردراوە بۆ گڵەزەردەو ماوەت. کە هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی، لە ١٩٣٤دا خوتبەیەکی بە شیعر لەبەردەم "مەلیک غازی"دا داوە، خەتێکی پۆلیسیی دراوەتآ. ئەو سەروەختە، لەگەڵ چەند پۆلیسێکی تردا کۆمەڵێکیان بەناوی (حیزبی خوێنڕێژی)یەوە پێک هێناوە. ١٢ پۆلیسیان بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری خۆیان هەڵبژاردووە، بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نیشتمانیو کوردایەتی. ئەوانە پاشتر چوونەتە ناو (حیزبی برایەتی).

ئەو ماوەیە یەکەم کتێبی خۆی بەناوی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن)ـەوە داناوەو لەسەری دراوەتە دادگا، بە تاوانی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی زیانبەخش، حوکمی شەش مانگ زیندان دراوە، سەرباری ساڵێک چاودێریو دەرکران لە وەزیفەو زەوتکرانی کتێبەکەی. ماوەیەک لە بەندیخانەی سلێمانی هێڵراوەتەوە، دواتر براوە بۆ کەرکووک. کە بەرەڵا کراوە، دیسان تآ هەڵچووەتەوە، لەناو (برایەتی)دا کەوتوەتەوە کار. بەڵام سەرلەنوآ گیراوەتەوەو لە زیندان توند کراوە؛ چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەبوو، بەردراوە.

وەزیفەکەیی گوێزاوەتەوە بۆ شارەوانیی چوارتا. لەوآ لەبەر کێشەیەک گیراوەو براوەتە بەندیخانە، حوکمەکەیی تەواو کردووە. دوا ڕۆژەکانی ١٩٤٥ ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ١٩٤٦/١/٤ گەیشتوەتە دآی (تورکمان کەندی). ١٩٤٦/٣/٥ نێردراوەتە سەراو سەرچاوەی ناوچەی سەقز، کراوەتە میرزا (کاتب) لەلای حەمەڕەشید خانی بانەو سەرۆکی لکی سەقزو بۆکانی یەکەتیی جەوانانی دیموکراتی کوردستان. کە حەمەڕەشید خان لە ١٩٤٦/٨/٣دا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی عیراق، ئەم گیراوەو خراوەتە زیندان. کە هیچی لەسەر ساغ نەبوەتەوە، بەرەڵا کراوە. بە خۆوەشێری لەودیو لای "حەمەعەلی ئاغای جەوانمەردی"ی سەرخێڵی گەورکی ناوچەی سەقز ماوەتەوە.

تشرینی دووەمی ١٩٤٨ بەماڵەوە گەیشتوەتە سلێمانی، هەژاری پەرێشانی کردووە. لە دائیرەی ئاوو کارەبای سلێمانی دامەزرێنراوە، بە ڕۆژانەی ٥٠٠ فلس. ١٩٥٠، "بەهآی محێدین شەریف"ی هاوسەری کە لە ١٩٣٣دا هێنابووی، مردووە. پاشان حەلاوەخانی کچی زێوەری شاعیری هێناوە. لەبەر ئەوەی مووچەکەی کەم کراوەتەوە، دەستی لە وەزیفە هەڵگرتووە؛ چووەتە ڕانیە، لەوآ سێیەم ژنی هێناوە. دامەزراوەتەوە بە کاتبی لیژنەی ئاوو کارەبای ڕانیە، بە مانگانەی ٢٠ دینار.

سەرەتای سەردەمی کۆماری، چالاکیی ئەدەبیی زیاترو بە شیعرو چیرۆک بەشداری کۆڕو ئاهەنگەکان بووە. ١٩٦١ بووە بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. مایسی ١٩٧١ لەسەر کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)، لەبەر گوایە بآدینیو کافربوون، دوچاری کێشە بووە لە ڕانیەو قەستی کوشت کراوە. لەسەر ئەوە وەک ژمێریارو سنووقدار گوێزراوەتعەوە بۆ شارەوانیی تەوێڵە. دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ١٩٧٥/٣/٢٧ چووەتە سەر وەزیفەی ژمێریاری لە شارەوانیی تەوێڵە. ١٩٧٦/١/١ خۆی خانەنشین کردووە. ١٩٨١ چاوی داویەتە کزی. سەعات ١،٥ی شەوی ١٩٨٨/١/١٣ کۆچی دوایی کردووە. ١٩٩٢/٦/١٩، لەسەر وەسێتی خۆی، تەرمەکەی بە ڕآورەسمێکی جەماوەری براوەتە سەر چیای کێوەڕەشو لە (گۆڕ مریەم) بە خاک سپێردراوەتەوە.

میرزا مەنگوڕی ئەم بەرهەمانەی لەچاپ دراون:

١-هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن، چاپخانەی بەلەدییە- سلێمانی، ١٩٣٨.

٢-ماهراکۆ، چاپخانەی ڕاپەڕین- سلێمانی، ١٩٧١.

٣-زێڕینیای ئامێدی، چاپخانەی الغری- نەجەف، ١٩٧١.

٤-بووکێکی ناکام، چاپخانەی النعمان- نەجەف، ١٩٧١.

٥-گەشتی ئەستێرەی مەریخ، چاپخانەی النعمان- سلێمانی، ١٩٧١.

٦-فەیرۆزخانی پشکۆ، چاپخانەی القچاو- نەجەف، ١٩٧١.

٧- کوردو ئەرمەن، ١٩٩٧.

٨-کوردو ئاسووری، ١٩٩٧.

٩-بەسەرهاتی سیاسی کورد، بەشی یەکەم (١٩١٤-١٩٥٨)، سوید، ١٩٩٩.

١٠-بەسەرهاتی سیاسی کورد، بەشی دووەم (١٩٥٨-١٩٧٠)، سلێمانی، ١٩٩٧.

١١-کۆنگرێسی دوڕندەو ئاژەڵ، ١٩٩٣.

١٢-بەسەرهاتی مەنگوڕی، ١٩٩٥.

١٣-دیوانی بەهەشتی دڵداری، ٢٠٠٦.

١٤-حەقایقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لەپەنای ئیستقلالی کورددا، ٢٠٠٣.

سیانزە بەرهەمی تریشی هەن، لەچاپ نەدراون .

٥٤) مەلا محەممەد ئەیووبی: ٢ نووسین.

٥٥) محەممەد تۆفیق وردی، وردی: ١٢ وتار.

محەممەد کوڕی تۆفیق کوڕی ڕەشید کوڕی کوڕی فەرهاد ئاغا، "وردی" ناسناوی بووە، ١٩٢٣ لە شارۆچکەی کۆیە چاوی بە دنیادا هەڵهێناوە. خوێندنی لەکۆیە دەست پآ کردووە؛ دواتر پەیمانگای ماموٚستایانی سەرەتاییی بەغدای لە ١٩٤٤دا تەواو کردووە. بووە بە ماموٚستا لە قوتابخانەی تەقتەق. وەزیفەی ماموٚستاییی لە شوێنی تری وەک قەڵادزآ-١٩٤٥ بینیوە. لەبەرچالاکیی سیاسیی، چەند جارێک گیراوەو لە وەزیفە دەرکراوە.

کە حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد دامەزراوە، چووەتە ئەوآو بووە بە ماموٚستا. لەوآ لەسەر یەکەم ئەڵقەی وتاری (چمان دەوآ) کە لە ژمارە ٣ی ٧ی جۆزەردانی ١٣٢٥ی ڕۆژنامەی "هاواری نیشتمان"دا بڵاو بووەوە، کە ڕەخنەی تێدا گرتبوو لە کەم خوێندەواریی بەشێکی بەرچاوی ماموٚستایانی قوتابخانە، بە فەرمانی محەممەد حوسێن خانی وەزیری هێزی کوردستان خراوەتە بەندیخانە؛ مەلا مستەفا بارزانی بۆی تآکەوتووەو بەر دراوە. دوای شکستی ئەو حکوومەتە، کە گەڕاوەتەوە بۆ عیراق، گیراوەو حوکم دراوە.

ساڵانی پەنجا، لەبەر جموجووڵی خۆی، ناچار بووە مالڕو مناڵی بەجآ بهێڵێو بیسپێرآ بە هاوڕێیانی نزیکی خۆی، بەڵام ناپاکیی بەرامبەر کراوە، دواجار لە هاوسەرەکەی جیا بووەتەوە. وردی، دوا ڕۆژەکانی ژیانیی بە نەداریو بەبآ خزمەت بەسەر برد، تا لە ١٩٧٥دا گیانی سپاردووە.

وردی، لە ساڵانی چلەوە دەستی داوەتە نووسینو بڵاوکردنەوە. کەلەپووری میللیو شیعرو فۆلکلۆرو مێژووی کورد، لە بابەتەکانی جآی بایەخی بوون. لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیدا، وەک "گەلاوێژ"و"دەنگی کورد"و ... نووسینی بڵاو بووەتەوە. بەرهەمە لەچاپدراوەکانی ئەمانەن :

١-حسن و مریم، دار المعرفه- بەغداد، ١٩٥٥، ٢١ل.

٢-ناسرو مار مار، دار المعرفه- بەغداد، ١٩٥٥، ٣٢ل.

٣-منتخبات من قێائد الشاعر فیکتور هیجو (ترجمه)، دار المعرفه- بغداد، ١٩٥٥، ٤٦ێ.

٤-ئەنجامی داوێن پیسی، چاپخانەی المعارف- بەغداد، ١٩٥٦، ٤٠ل.

٥-من روائع الرِدب الکردی، بغداد، ١٩٥٦، ٣٦ێ.

٦-ویستم ژن بێنم، دار المعرفه- بەغداد، ١٩٥٦، ٣١ل.

٧-القێه والرِساگیر فی الرِدب الکردی، بغداد، ١٩٥٦، ٣٦ێ.

٨-دەنگی جەزائیر، دار المعرفه- بەغداد، ١٩٥٧، ٢١ل.

٩-سەرەتایەک لە مێژووی کورد (وەرگێڕان)، دار المعرفه- بەغداد، ١٩٥٧، ٣٨ل.

١٠-لمحات من الرِدب الێینی، بغداد، ١٩٥٧.

١١-گوڵی ناکام، چاپخانەی النور- بەغداد، ١٩٥٧، ٤٨ل.

١٢-شۆڕشی چواردەی تەموز، چاپخانەی دار السلام- بەغداد، ١٩٥٨، ١٦ل.

١٣-الرِکراد الفیلیون فی التررِیخ، مگبعه اللواو- بغداد، ١٩٥٨، ٥٣ێ.

١٤-تلرلرِ النور بین الڤلام، مگبعه دار العوده- بغداد، ١٩٥٨، ٣٢ێ.

١٥-الرِکراد فی الاتحاد السوفیاتی، مگبعه اللواو- بغداد، ١٩٥٩، ٢٣ێ.

١٦-کردستان المناچله، مگبعه اللواو- بغداد، ١٩٥٩، ٤٠ێ.

١٧-خانزادو لەشکری، چاپخانەی الوفاو- بەغداد، ١٩٦٠، ٣١ل.

١٨-قەڵای دمدم، چاپخانەی النجاح- بەغداد، ١٩٦٠، ٦٠ل.

١٩-چونی بارزانیان بۆ سۆڤیەت، چاپخانەی ێلاح الدین- بەغداد، ١٩٦١، ٨٠ل.

٢٠-فۆلکلۆری کوردی، بەشی ١، چاپخانەی دار التچامن- بەغداد، ١٩٦١، ٦٤ل.

٢١-فۆلکلۆری کوردی، بەشی ٢، چاپخانەی دار التچامن- بەغداد، ١٩٦١، ٦٤ل.

٢٢-مامەیارەی قارەمان، چاپخانەی الوفاو- بەغداد، ١٩٦١، ٦٢ل.

٢٣-بحپ ودراسه عن الفلکلور الکردی، مگبعه الزعیم- بغداد، ١٩٦٢، ٣٢ێ.

٢٤-قێائد رائعه للشاعرین الرِلمانیین شیلر وغوته (ترجمه)، مگبعه الغری- النجف، ١٩٦٤، ٦٤ێ.

٢٥-قێێ شعریه کردیه فولکلوریه، مگبعه الارشاد- بغداد، ١٩٦٥، ٤٨ێ.

٢٦-بانگی کوردستان، چاپخانەی المعارف- بەغداد، ١٩٧٠، ٥٤ل.

٢٧-رِقایێێ شعبیه کردیه، مگبعه الغری- النجف، ١٩٧٠، ١٠٠ێ.

٢٨-فۆلکلۆری کوردی، بەشی ٣، چاپخانەی القچاو- النجف، ١٩٧١، ١٢٨ل.

٢٩-ێفحات من نچال الشعب الکردی فی إیران، مگبعه الایمان- بغداد، ١٩٧١، ٣٦ێ.

٣٠-قافله الشهداو الرِکراد والشعوب الآیرانیه، مگبعه اللواو- بغداد، ١٩٧٢، ٤٨ێ.

٣١-مدینه کویسنجق والمێلح الاجتماعی ابراهیم ێابر، مگبعه الرِمه- بغداد، ١٩٧٢، ٥٢ێ.

٣٢-مەلا ئاوارەی قارەمان، چاپخانەی الآداب- النجف، ١٩٧٢، ٥٠ل.

٣٣-هەندآ لە بەیتو هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی، چاپخانەی القچاو- النجف، ١٩٧٣، ١٢٨ل.

٣٤-مژکراتی الێحفیه (ترجمه)، مگبعه دار السلام- بغداد، ١٩٧٣، ٧١ێ.

٣٥-نوروز وپوره کاوه الحداد، مگبعه الغری- النجف، ١٩٧٣، ٢٢ێ.

٣٦-من هو الفیلسوف وماژا یرید من الحیاه ؟، مگبعه العانی- بغداد، ١٩٧٣، ٣٦ێ.

٣٧-چیرۆک بۆ شانۆ، چاپخانەی الغری- النجف، ١٩٧٣، ٨٠ل.

٣٨-کەربازاڕی، چاپخانەی القچاو- النجف، ١٩٧٤، ٥٤ل.

٣٩-نماژج من التراپ الشعبی الکردی، مگبعه الغری- النجف، ١٩٧٥، ٢٠٧ێ.

٥٦)محەممەد سەعید نیکدین "وریا": ١ نووسین.

٥٧)سەیید محەممەد حەمیدی: ٥١ وتارو وەرگێڕانی دوو نامیلکە؛ یەکەمیان (الرِکرادمنژ بدو التاریخ الی سنه ١٩٢٠)ی ڕەفیق حیلمیی لە عەرەبییەوە کردووە بە فارسی (کردان از بدو تاریخ تا سال ١٩٢٠) بە ٣٠ ئەڵقە؛ دووەمیان (بەسەرهاتی ئاراڕات "ئاگری")ی ئیحسان نووری پاشای لە ڕۆژنامەی "کوهستان" وەرگرتووە، لە فارسییەوە کردوویە بە کوردیو ٢٥ ئەڵقەی لێ بڵاو کردوەتەوە؛ دوا ئەڵقەی بە (ماویەتی) کۆتایی پآهێناوەو نەچوەتەوە سەری. دوای بەراورکردن لەگەلرِ دەقێکی کرمانجیی خواروویدا ، دەرکەوت هەر پێنج بڕگەیەکی لێ نەکراوەتە کوردی.

لەبەر ئەوەی "کوهستان"ـەکەیش لەبەر دەستدا نەبوو، نەزانرا ئاخۆ لەوێیش هەر تەواونەکراوە یان نا. ئەو وتارانە، ١٥ ئەڵقەیانی تەرخانی ژیاننامەی زانایانی کورد کردووە، درێژەی پآنەداوە، چونکە ئیتر خستوویەتیە گۆڤاری "کوردستان". چالاکترینو پڕ بەرهەمترین ڕۆژنامەوانی ئەو سەردەمەیە.

کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی سەیید فەیزوڵڵا کوڕی سەیید شوکروڵڵای پاساریانە، ١٩٠٣ لە دآی (داشالووجە)ی سەقز لەدایک بووە. سەرنووسەرو بەڕێوەبەری بەرپرسی ڕۆژنامەو گۆڤاری "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. پێشتر لە دائیرەی ئامار وەزیفەدار بووە.

ڕۆژی ١٩٧٩/٢/٢٧ لە (سنە) کۆچی دوایییکردووە .

٥٨)حاجی سەیید محەممەد سەییدی: ١ نووسین.

٥٩)م. شاپەسندی: ٦ وتار.

ناوی محەممەد کوڕی محەممەد ێاڵح کوڕی سەعیدو ناسناوی شاپەسندی بووە، ١٩٢٠ لە مەهاباد لەدایک بووە. قۆناغی سەرەتاییی لە قوتابخانەی (سەعادەت) خوێندووە. دوای ساڵێک لە دامەزرانی (ژ. ک)، بووە بە ئەندامی؛ ژمارەی ئەندامێتیی ٨٢١و ناوی نهێنیی (م. ش. ئازەر) بووە.

ئیتر لە ژمارە ٤ی "نیشتمان" بەدواوە بووەتە هاوکاری عەبدوڕەحمان زەبیحی لە دەرکردنی ئەو گۆڤارەدا، تا ژمارەی یەک بەرگی (٧، ٨، ٩). کە "نیشتمان" لەبەر گیرانی زەبیحیو دڵشادی ڕەسووڵیو قاسمی قادری وەستاوە، ئەم تاقە ژمارەیەکی گۆڤاری "ئاوات"ی لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا بە تەنیا دەرکردووە.

کە حیزبی دیموکراتی کوردستان چاپخانەی هێناوەتە مەهاباد، بووە بە یەکێک لە کارگەرە بەرچاوەکانی. دوای ڕووخانی حکوومەتی میللیی کوردستان، ڕووی کردوەتە کوردستانی گەرمێنو شێخ لەتیفی حەفید لە دآی (سیتەک) داڵدەی داوە.

لەوآ کە لەگەلرِ "عەبدوڕەحمان زەبیحی"دا یەکیان گرتوەتەوە، دوای ئەوەی وەستا حسێنی ئاسنگەر مەکینەیەکی چاپی بە ڕێنوێنیی ئەمو هاوکاریی شێخ لەتیف دروست کردووە، پێکەوە ژمارە ١٠ی "نیشتمان"یان دەرکردووە. کە حکوومەتی عیراق بە جآوڕێی زانیوە،

ناچار بووە بە یاریدەی شێخ لەتیف رووبکاتە بەغدا، لە چاپخانە ئیشی کردووە. چەند ساڵێکیش لە شاری (دیوانییە) ژیاوە، هەر لەوآ قومری شەریفی هێناوە. کە رژێمی پاشایەتی پێچرایەوە، هاتووەتە کەرکووک؛ بەشداریی لە لەچاپدانی رۆژنامەو گۆڤاری کوردیی وەک "ئازادی"و "شەفەق"دا هەبوە.

دواتر چووەتەوە بۆ بەغدا، لە چاپخانەی رۆژنامەی "خەبات"ی زمانی حاڵی پارتیدا کاری کردووە. کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بووە، رۆژنامەی "خەبات"ی لەناو سلێمانیو ئەمجا لە ناوچەی ماوەت لەچاپ داوە. کە پارتی دووکەرت بووە، نێردراوەتە بەغدا؛ چاپی گۆڤارەکانی "باهۆز"و "پێشرەو"و بڵاوکراوەی تری باڵی مەکتەبی سیاسیی راپەڕاندووە. کۆتایی ساڵانی شەستو سەرەتای ساڵانی حەفتا لەگەڵ بەرهەڵستانی کوردو فارسو ئازەری ئێرانیدا، لە خەباتی دژی رژێمی شادا، هاوکار بووە؛ بەشداریی لە دەرکردنی رۆژنامەی "رێگای یەکێتی- راه اتحاد"دا هەبوە. ئەوەبەدوا تا کۆچی دوایی لە ٢٠٠٦/١/١٥دا، ماوەیەک لە بەغداو پاشان لە سلێمانی ژیاوە، بەرگدرووێتیی کردووە.

شاپەسندی، لە گۆڤارو رۆژنامەی وەک (نیشتمان، ئاوات، کوردستان، کوردستانی نوآ، رۆژنامەنووسان) نووسینی بڵاوکراوەی هەن .

٦٠)م. ق. قزڵجی: ٢ وتار. محەممەد ێادق قزڵجییە.

مەلا "محەممەد ێادق"ی ناسراو بە مەلا کاکەحەمەی بۆکان، کوڕی چوارەمی مەولانا محەممەد حەسەن ئیبنول قزڵجیو نەوەی مەلا عەلی قزڵجی تورجانییە، ساڵی ١٩٠٠ لە بۆکان لەدایک بووە. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لای شێخ مەلا سەییدخراوەتە حوجرە، ئەلفوبآو قورئانو تەجوید،لایباوکیشی دەرسی یەرفو نەحو و گولستانی خوێندووە.

دوای کۆچی دوایی باوکی، چووەتە دآی (باغڵووجە)، لە خزمەت "مەلا عەبدولکەریمی مودەریس"دا زانستی دینیو فیقە و ئوسوولرو مەنتیقو فەلسەفەو کەلامی وەرگرتووەو ئیجازەی مەلایەتیی بەدەست هێناوە. ئەمجا گەڕاوەتەوە بۆ بۆکان. ١٩٣٢ رووی کردوەتەمەهاباد، لە تاقیکردنەوەی (سەردەفتەری)دا بەشداربووەو وەرگیراوە. بۆیە بە سەردەفتەری ئەسنادی رەسمیی ژمارە ١٢و دەفتەری مارەییو تەڵاقی ژمارە ٤ دامەزراوە لە دائیرەی (پبت اسناد)ی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژاوا. بەهۆی چالاکیو بەشداریی کۆمەڵایەتیو زاناییو داناییەوە، خەڵک ناوی (قازیی شەرع)یان لێ ناوە. دۆستایەتیی لەگەڵ "ئەحمەد فەوزی"دا، زیاتر بەرەو خزمەتی کۆمەڵایەتیو کوردایەتیی بردووە.

دوای مردنی مەلا عەلیی برای، کرایوەتە ئیمامی جومعەو خوتبەخوێنی (مزگەوتی جامیع)ی بۆکان. لەبەر هاوبەشیی لە چالاکیەکانی حکوومەتی کوردستاندا لە مەهاباد، دوای رووخانی ئەو حکوومەتە، ئاوارەی دیوی کوردستانی عیراق بووە، لای شێخ لەتیفی حەفید گیرساوەتەوە. ٩ ساڵ وا ماوەتەوە، تا لە جۆزەردان (مایس- حوزەیران)ی ١٩٥٧دا گەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی؛ لە زیندان توند کراوە، کە ئازاد بووە، بەرگی مەلایەتیی داکەندووە. رۆژی ١٩٥٩/٩/٨ کۆچی دوایی کردووە، بە تەنیشت گۆڕی باوکیەوە لە هەیوانی گومەزی سەردار نێژراوە.

مەلا محەممەد ێادق ، وەک وتاری نووسیوە، دەستی شیعریش هەبوە .

٦١)سەیید محەممەدگەهزادە: ١ نووسین.

موعاوینی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بووە.

٦٢)محەممەد عەگاری: ٢ نووسین.

٦٣)محەممەد عەگری گڵۆڵانی: ٢ نووسینو ١ شیعر .

ناوی محەممەد کوڕی میرزا ئەبووبەکرو ناسناوی ئەوکاتەی "عەتری"و هی ئەوەبەدوای"نووری"یە. ١٩٢٦/٣/٦ لە دآی (گڵۆڵان)ی خوارآی ناوچەی مەهاباد لەدایک بووە. بە منالی، باوکی دەرسی پآ وتووە؛ کتێبەکانی سمایلنامەو ناگەهانو گولزارو

گولستانوبوستانو تەسریفیزەنجانیی لەلا خوێندووە. ساڵانی ١٩٣٣-١٩٣٤یش مێژوویموعجەمو دورەی نادریو کتێبە سەرەتاییەکانی سەرفو نەحوی هەر لەلای ئەو دەور کردوەتەوە.

ئەمجا خراوەتە لای "مەلا عەبدولوەهاب"ی مودەریسی هەمان دآ. کە باوکی لە ١٩٣٥دا کۆچی دوایی کردووە، "تەمینە"ی دایکی دەستی پێ لە خوێندن هەڵنەگرتووە، بەڵکوو درێژەی پآ داوە لە دێهاتی ناوچەی گەورکو بانەو سەردەشت تا ١٩٤١. ئەو ساڵە بە ناچاری لەلای خدر ئاغای عەزیزی ئاغای گڵۆڵان بووە بە میرزا.

تا بەهاری ١٩٤٣ لە گڵۆڵان ماوەتەوە؛ لەبەر ئەوەی باری گوزەرانی خراپ بووە، گوێزاویەتیەوە بۆ موکریان. لە دآی (مەرزینگ) گیرساوەتەوەو لای برایم ئاغای قارەمانی بووە بە میرزا. ئەو ماوەیە، لەرآی عەبدورەحمانی کەیانییەوە چووەتە ناو (ژ. ک).سەرماوەزی ١٩٤٤ بە ماڵەوە گواستوویەتیەوە بۆلای حاجی حەمەد ئاغای حیسامی لە دآی (شێخاڵی)، تا دەرس بە کوڕەکانی بڵێ. چالاکیەکانی ئەدەبیو حیزبیی بەگوڕتر بوون؛زیاتر کەوتوەتە خوێندنەوەو بەدواداچوونی رۆژنامەو گۆڤاری کوردیو شیعرنووسین.

بانەمەڕی ١٩٤٧ حاجی حەمەد ئاغای حیسامی رێی داوە بچێتە دآی (مەڵڵەلەر) لای قادر ئاغای قارەمانی، تا دەرس بە کوڕو برازاکانی بڵێتەوە. پاییزی ١٩٤٨ ژنی هێناوە. جۆزەردانی ١٩٤٩ هاتووەتە دآی (عەنبار) لای برایم ئاغای عەلیار، بۆ دەرسپآوتنەوەی کوڕەکانی. ١٩٥٠ دەستنووسی شیعرەکانی لە ترسی پشکنین سووتێنراوە.

هاوینی ١٩٥٣ گوێزاویەتیەوە بۆ دآی (گۆڵێ) لای برایم ئاغای قارەمانی. لە زستانی ١٩٥٣ بەدواوە بووە بە داکۆکێکی ناسراوی وەرزێرانو جووتیاران. پاشتر تووشی دەردەباریکە بووە، پێنج مانگ لە (میاندواو) ماوەتەوە بۆ چارەسەرو چاودێری. بەهاری ١٩٥٩ ماڵی بردوەتە دآی (شۆڕیجە). هاوینەکەی، چووەتەوە بۆ (عەنبار). ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٧٤، بە حوکمی ئەوەی ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتیو ئەیالەتی بووە، خزمەتێکی زۆری وەرزێرو خەڵکی دێهاتیی کردووە. ئەمجا کە دەردەباریکە لێی هەڵداوەتەوە، شەش مانگێک لە نەخۆشخانەی (بووعەلی)ی تاران هێڵراوەتەوە.

١٩٧٥ لە هەڵبژاردنی بیستوچوارەمین خولی مەجلیسی شوورای میللیی ئێراندا خۆی بۆ نوێنەرایەتیی بۆکان پاڵاوتووە؛هەڵبژێردراوە. ئەو ماوەیەی نوێنەرایەتی، توانیویە لە چەند روویەکەوە خزمەتی ناوچەکەی بکات؛٣٠-٣٥ پرۆژەی کارەباو ئاوو مزگەوتو قوتابخانەو پردو جۆمالرو خاوێنکردنەوەی کارێزو کانیاوی بەجآ گەیاندووە.

دوای رووخانی رژێمی شا، گیراوەو دراوەتە دادگای ئینقیلابی ئیسلامیی مەهاباد، بەڵام لەبەر پشتیوانیی وەرزێرو جووتیارانی بۆکان، ئازاد کراوە. لەوکاتەوە پەنای بآدەنگیی گرتووەو لە بۆکان دانیشتووە. دیوانی شیعرو بیرەوەریەکانی پێکەوە لەچاپ دراون .

٦٤)محەممەد قادر: ٢ نووسین.

٦٥)محەممەد مەجدی: ١٣ وتار.

٦٦)محەممەد مەحموود: ١٥ وتار.

محەممەد کوڕی مەحموودی ئەفەندیی رەسام کوڕی محەممەد حەنیفە، ناسناوی "قودسی"ی لەوەوە بەسەردا براوە کە ساڵی ١٩٢١ لە شاری (قودس)ی فەلەستین لەدایک بووە، کاتێک باوکی ئەفسەری عوسمانیی دیلی لای ئینگلیزەکان بووەو لە یەکەم جەنگی گەورەدا هاتووەتە شاری (عەممان)ی وڵاتی ئوردونو لای داوە.دایکی "نەدیمەعەباس" ناویچەرکەس بووە.

محەممەد سەرەتاییو ناوەندیی لە سلێمانی، قوتابخانەی عەسکەریی ١٩٤١ لە بەغدا تەواو کردووە؛بووە بە نائیب زابتی ئیعاشە لە هەولێر. ١٩٤٢ بەرز کراوەتەوە بۆ مولازمی دووەم، دانراوە بە ئەفسەری تەجنیدی رەواندز. دوای شەش مانگ "نەجیبە خانی شێخ حەسەن"ی هێناوە، کە ساڵێک لەوەبەدوا کۆچی دوایی کردووە.

١٩٣٨ ماوەیەک چووەتە ناو (کۆمەڵی برایەتی)، لێی کشاوەتەوە. پاشان بووەتە ئەندامێکی باڵی عەسکەریی حیزبی (هیوا). بۆیە لەبەر جموجووڵی سیاسیی لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی تردا، وەک نووری مەلا حەکیمو شێخ مارفی شێخ حەمەغەریبو ئەسعەد بەگی هەرکیو ئەورەحمان بەگو وەهاب ئاغا، لە رەواندز دوو خراوەتەوە. دوایی هێنراوەتەوە.

رۆژی ١٩٤٥/٦/٤، لەگەڵ "جەلالی ئەمین بەگ"ی ئەفسەری هاوڕێیدا، ڕای کردووەو چووەتە پاڵ جووڵانەوەی بارزانو بووەتە ئەندامی (هەیئەتی ئازادی). دوای شکستی جووڵانەوەکە، تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ لەگەڵ بارزانیەکانو بەشدارانی تردا ئاودیوی کوردستانی ئێران بووە. بۆیە بە ئیرادەی شاهانە لە رۆژی ١٩٤٥/٢/١١ بەدواوە خانەنشین کراوە.

سەردەمی حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد، وەک ئەفسەر لە هێزی کوردستاندا کاری کردووەو وەکیلو دەمڕاستی مەلا مستەفا بارزانی بووە. لەوآ "نەسرین" ناوی دووەم ژنیی هێناوە. یەکێکی ئەو ٩ کەسەیش بووە کە یەکەم کۆمیتەی ناوەندیی (پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق)ی پێک هێناوە. پاش ڕووخانی حکوومەتەکە، هاتوەتەوە ئەمدیوو تەسلیم بە حکوومەتی عیراق بووەتەوە. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ لەگەڵ سآ ئەفسەرەکەی هاوڕێیدا ئیعدام کراوە؛تەرمەکەی هێنراوەتەوەو لە ڕآوڕەسمێکەی جەماوەریدا لە (گردی سەیوان) بەخاک سپێردراوە.

قودسی خوتبەخوێنێکی دیارو وتارو پەخشاننووسێکی هەڵکەوتوویش بووە. لە گۆڤاری "گەلاوێژ"و "ڕۆژی نوآ"شدا نووسینی بڵاوکراوەی هەیە .

٥٤)محەممەد نانەوازادە: ١ نووسین.

کوری میرزا عەبدوڵڵاو لە بنەماڵەی نانەوایە، ساڵانی ١٩١٩-١٩٣١ لە قوتابخانەکانی مەهاباد خوێندوویە. دوایی دامەزراوە بە کارمەند لە ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد. ١٩٣٧ چووەتە سەربازی، مەدرەسەی گرووهبانیی تەواو کردووە. دوای دوو ساڵ، لە ئیدارەی مالییەی مەهاباد کاری کردووە. ١٩٤٤ وازی لە کاری دەوڵەتی هێناوە.

لە ١٩٤١دا بووە بە ئەندامی (حیزبی ئازادیخوای کوردستان). ١٩٤٥ چووەتە ناو هێزی حکوومەتی میللیی کوردستان لە مەهاباد، پلەی پات پۆڵکۆنیکی دراوەتآو کراوە بە فەرماندەی هێزی ناوەندیی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٦/٧/١٦ لەناو فرۆکەیەکی جەنگی ئەرتەشی ئێراندا کە لەسەر (کەلیخان) بەر بووەتەوە، سووتاوە .

٥٥)محەممەد مەولەوی: ١ نووسین.

٥٦)محەممەد یاهوو: ١ نووسین.

ئەندامێکی دامەزرێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

٥٧)مریەم ئەحمەدی: ١ شیعر.

٥٨)مێگهفا بارنجی: ١ نووسین.

٥٩)مێگهفا کەریمی: ١ نووسین.

٦٠)مێگهفا موئمینی: ١ نووسین.

دوای ڕووخانی حکوومەتی کوردستان، کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگی ورمآ بووە .

٦١)موفتی: ١ شیعر. مەلا عەبدوڵڵای موفتیی پێنجوێنییە.

ناوی عەبدوڵڵای کوڕی مەلا عەبدولکەریمە، ١٨٨١ لە دآی (بێستانە)ی قەزای پێنجوێن لەدایک بووە. بە حەوت ساڵی لەلای مەلا ئەحمەد "شەفیق"ی براگەورەی دەستی بە خوێندن کردووە، چونکە باوکی پێشتر مردووە.

بە فەقێیەتی گەلێ ناوچەی وەک سەقزو سەراو سەرچاوەو سابڵاخو ولەژێر گەڕاوە. لە (ولەژێر) لای مەلا ئەحمەد درێژەی بە خوێندن داوەتەوە. مەلا قادری بیارە، ناسناوی "موفتی"ی پآ بەخشیوە. ئەمجا دەستی هەڵگرتووەو گەڕاوەتەوە بۆ پێنجوێن، کەوتوەتە عەتاریو جگەرەو تووتن فرۆشتن، بۆیە بە"تووتنچی"ش ناسراو بووە.

لە "ژین"و "هەڵاڵە"یشدا شیعری بڵاو کردوەتەوە. مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز بووە،کچەکەیی ناوەتە بەر خوێندن. لە ژیانیدا تووشی بەندیخانەو دوورخستنەوە بووە بۆ باشووری عیراق. ڕۆژی ١٩٥٢/٦/١٥ لە نەخۆشخانەی سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی لە گۆڕستانی (حاجی شێخ)ی پێنجوێن نێژراوە. بەشێکی دیوانەکەی ١٩٥٩ بەناوی (سۆزی نیشتمان)ـەوە، (دیوانی موفتی پێنجوێنی)شی ١٩٩٠ بڵاو بووەتەوە.

٦٢)مەحموود یدقی: ١ نووسین.

٦٣)مەغدید نانەکەلی: ١ نووسین.

مەغدید کوڕی مامە کوڕی فەیزی کوڕی مامە نانەکەلییە، بە "مەغدید سۆران"یش ناسراوە، ١٩٢٢ لەدایک بووە. لە مزگەوت خراوەتە بە خوێندنو قورئانی خەتم کردووە. ١٩٣٥ بەیانیان لای مەلا عەزیزی شۆربەشی تەپریفی مەلا عەلیی خوێندووە، زۆربەی ئێوارانیش لە مەلا محەممەدی سەرسیانەوە فێری کوردایەتی بووە.پاشتر هەر لەگەڵ مەلا محەممەددا چووەتە هەولێر،بە مەلا عەلیی ناساندووە؛ ئەویش مەلا مەجیدی گڕاویی لە مزگەوتی مەلا بەکرو مەلا ئەحمەد ئیسماعیلی نائیب زابتی عەسکەریی پآ ناساندووە. لەوآ لە مزگەوتی حاجی قادر درێژەی بە خوێندن داوە.

کە براوەتە سەربازی بۆ کەرکووک، مەلا ئەحمەدی لەوآ دیوە، کە حەمەدەمینو مەلا سدیقی بلۆکینەو مەلا خورشیدی ئەندامانی (حیزبی هیوا)ی پآ ناساندووە. بەوهۆیەوە چووەتە ناو (هیوا). گوێزراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی عەسکەریی ڕەشید لە بەغدا، کراوەتە ماموستای خولی برینپێچی، چونکە شارەزاییەکی باشی لەو بوارەدا هەبوە؛ چاودێریی قاوشەکانی نەشتەرکاریشی پآ سپێردراوە. پلەکەی بەرز کراوەتەوە بۆ (رئیس عرفاو)، لەبەر ئەوەی بەشدارانی دووەم خولی هەموویان دەرچوون. لەگەڵ لیوای چواردا براوەتە (کازمییە)، پاشان سلێمانی بۆ (سەرچنار)، ئەمجا کەرکووک.

سەرەتای ١٩٤٦ بووە بە نائیب زابتی برینپێچ. دوای نەمانی (هیوا)، بووە بە ئەندامی (حیزبی ڕزگاری).حیزب ئاگاداری کردوەتەوە کە لەگەڵ عەبدولقادری ناوێکی ئەندامی خۆیو موعەللیمی خولی جەنگی کۆلیجی عەسکەریدا بچێتە مەهاباد، بۆ یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەڕووی فریاکەوتنی جەنگیو تیمارو خزمەتی نەخۆشخانەی عەسکەرییەوە. لەگەڵ "مولازم محەممەد ساڵح ژاژڵەیی"دا چووەتە سلێمانی، لەوێوە ١٩٤٦/٦/١ بۆ پێنجوێن.ڕۆژی دوایی چوونەتە (دیواندەرە)و دآی (مەلقەرەنی). ئیتر لە بەرەی شەڕی پێشمەرگەدا دەست بەکار بووە. لەوآ، بە داوای مەلا مستەفا بارزانی کراوە بە کارمەند لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا.

کە حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد ڕووخاوە، گەڕاوەتەوە بۆ ئەمدیو، نامەیەکی مستەفا خۆشناوی بۆ (پارتی دیموکراتی کورد) پآ بووە. لە (جوندیان) گیراوە، براوەتە هەولێرو دواتر بەندیخانەی عەسکەریی کەرکووک.ئەمجا نێردراوە بۆ بەندیخانەی نەخۆشخانەی ڕەشید لە بەغدا . پاشان لە لێبوردنێکی گشتیدا ئازاد کراوە.

ئەمجارە دامەزراوە بە کاتب لە شارەوانیی هەولێر.بووەتە سکرتێری نووسینی گۆڤاری "هەولێر" کە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ دەرچووە. سکرتێری نووسینی گۆڤاری "نووسەری نوآ"ی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کوردیش بووە. ئێستا لە هەولێر ئەژی .

لە گۆڤاری "کوردستان"دا (ژ٦-٧، پووشپەڕ- گەلاوێژی ١٣٢٥) نووسینی هەیە.

٦٤)مەعرووف کۆکەیی: ١ شیعر.

٦٥)مەناف کەریمی: ١ نووسین.

١٩١٩ لە مەهاباد لەدایک بووە، ٢٠٠٣/٧/٣١ لە تاران کۆچی دوایی کردووە . وەزیری فەرهەنگی حکوومەتی کوردستان بووە.

٦٦)م. ڕ. ب.: ١ شیعر.

٦٧)م. مەعرووف زادە: ١ نووسین.

٦٨)وەهاب بلووریان: ١ نووسین.

٦٩)هاشم خەلیل زادە: ١٢ وتار.

٧٠) هەژار: ١٣ شیعرو ٤ وتار

عەبدوڕەحمان کوڕی مەلا محەممەدی بۆرە، بەهاری ١٩٢١ لە دآی (شەرەفکەند) لەدایک بووە. خوێندنی لەلای باوکی دەست پآ کردووە. لە حوجرە لای مەلا عەبدوڕەحمان جزمی عەممەو تەبارەکو سمایلنامەو ناگەهانو عەقیدەی شێخ سەمیعو ئەحمەدیی شێخ مارفی نۆدێی خوێندووە. لە مزگەوتیش کراوە بە فەقآ لای مەلا سەعیدە شێتە. ئەمجا چووەتە (خانەقای شەرەفکەند)، بوستانو دەرسی عەرەبیی لە تەسریفی زەنجانیو عەوامیلەوە تا نەنموزەجو حەمدییە خوێندووە.

پاشان لەگەڵ سەیید محەممەدی موستەعیددا چووەتە (پەسوآ) کە مەدرەسەی هەبوە. دیسان، لە خانەقای شەرەفکەند، دەرسی ئوسووڵو هێندێکی شەرعی شافیعیی لای شێخ محەممەد وەرگرتووە.

چووەتە ناو مەنگوڕان، لای مەلا ڕەسووی کەرمنداری بووەتە فەقآ. سەری داوە لە کەرمندار، تورجان، دوایی لە مزگەوتی بازاڕی سابڵاخ بووەتە فەقآ لای مەلا حوسێنی مەجدی، دەرسی سەرفو نەحو، قەسیدەی (بانت سعاد)ی کەعب بن زوبێرو (لامیە العرب)ی ئیبنول عەرەبیی خوێندووە. هاوکات شێخ مەعسوومو سەیید محەممەدیش دەرسیان پآ وتووە. چووەتەوە بۆ خانەقا.

لەوێوە چووەتە وشتەپە، شەرحی سیووتیو ئەدەبیاتی فارسیو حیسابو ئینشای خوێندووە. ١٧ سالان بووە کە باوکی مردووە. بۆیە دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. یەکەم ژنیی هێناوە؛کە مردووە، دووەم ژنی هێناوە. بووە بە عەمباردار لە ئیدارەی تووتنی بۆکان. تا ئەوکاتە چەند وردە کاسبییەکی تریشی کردووە. کە عەزیز زەندی (حیزبی ئازادیخوای کوردستان)ی دامەزراندووە، بووەتە ئەندامی. پاشان بووە بە ئەندامی (ژ. ک)، ناوی نهێنیی "هەژار"ی دراوەتآ.

شاعیرێکی میللیی ناسراوی دەورانی حکوومەتی کوردستان بووە. بەشداری چالاکیی پێشمەگایەتی بووە. لە ڕۆژانی کۆتاییی ئەو حکوومەتەدا گیراوە. کە بەر بووە، حکوومەتەکە نەماوەو پەڕیوەی دیوی کوردستانی عیراق بووە. سەرەتا هاتووەتە سلێمانی، ئەمجا شێخ لەتیفی حەفید ناردوویەتیە دآی (بیبیجەک)، ئەمجا (سیتەک). پاشان چووەتە بەغدا. ژیانێکی سەختی بەبەردەستیو شاگردی چایخانەو چێشتخانەو کرێکاریو فۆتۆگرافچێتی بەسەر بردووە. لەوآ تووشی دەردەباریکە (سیل) بووە، نێردراوەتە لوبنان بۆ چارەسەر، دوای دوو ساڵ زیاتر گەڕاوەتەوە.

کەوتووەتە فۆتۆگرافچێتی. دوو جار چووەتە کەرکووک، دووەم جار ساڵێک پتری لێ ماوەتەوە. هاوینی ١٩٥٣ بەشداری فیستیڤاڵی جیهانیی لاوان بووە لە شاری (بوخاریست)ی ڕۆمانیا. کە هاتووەتەوە لە بەغداوە چووەتە کەرکووکو گەڕاوەتەوە. دوای ٨ ساڵ ماڵرو مناڵی بۆ گەیەنراوەتە بەغدا. کە مەترسیی گرتنی هەبوە، ڕای کردووەتە سووریا. ماوەی دووسآ ساڵێک حاجۆ ئاغا لە دآی (تربەسپیان) ژیانی دابین کردووە. هەوڵی داوە بەشداری فیستیڤاڵی لاوان بآ لە مۆسکۆ، نەگەیشتووە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی،گەڕاوەتەوە بۆ عیراق. لە مەلا مستەفا بارزانی نزیک بووەتەوە؛ناردوویەتیە مۆسکۆ بۆ چارەسەر. کە هاتووەتەوە، لە ئیدارەی مەبانیی عام دامەزراوە. هاوبەشی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە. ١٩٦٣ هەڵاتووەتە ناو شۆڕشی ئەیلوول. دواتر بووە بە هەم ئەندامی دامەزرێنو کارای کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، هەم سەرۆکی یەکەم دەستەی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

بە شکستی شۆڕشی ئەیلوول، چووەتە دیوی ئێران. ئیتر خۆی تەرخانی نووسینو وەرگێڕان کردووە. تا لە ١٩٩١دا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (بوداق سوڵتان)ی مەهاباد نێژراوە .

٧١)هێمن: ١٥ شیعرو ١٠ وتار.

محەممەد ئەمین کوڕی سەیید حەسەنی شێخول ئیسلامی موکرییە. ڕۆژی ٥ی مایسی ١٩٢١ لە دآی (لاچین) لەدایک بووە.

بە مناڵی خراوەتە قوتابخانەی (سەعادەت)ی مەهاباد. بەڵام لەوآ نەماوەتەوەو براوە بۆ خانەقای شێخی بورهان، چوار ساڵی لێ خوێندووە. ئەمجا لای مەلا ئەحمەد فەوزی درێژەی بە خوێندن داوە. ١٩٣٨ چووەتەوە بۆ دآی (شیلاناوآ)، خەریکی کشتوکاڵرو بەدەمیەوە خوێندنەوە بووە. ١٩٤٢ بووە بە ئەندامی (ژ. ک). دەورانی حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد، بووە بە شاعیرێکی میللیی ناسراوو بە شیعر بەشداریی لە کۆڕو ئاهەنگو کۆبوونەوەکاندا هەبوە. نیسانی ١٩٤٧، دوای ڕووخانی ئەو حکوومەتە، هەڵاتووەو هاتووەتە ناوچەی قەڵادزآ. پاش ماوەیەک چووەتەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆی.

دوای ڕوودانی بەرگوللەدانی حەمەڕەزاشاو برینداربوونی، کە هەڵمەتی گرتنو ڕاوەدوونان دەستی پآ کردووە، خۆی شاردوەتەوە. پاش نەمانی حکوومەتەکەی موسەددیق، بەبآ دەنگی گۆشەگیر بووە. کۆتاییی ساڵانی شەست ڕووی کردوەتە کوردستانی عیراق بۆ بەشداری لە خەباتی بووژاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا. لە دووەم کۆنفرانسی حیزبدا حوزەیرانی ١٩٦٩ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.لە سێیەم کۆنفرانسدا، هەڵبژێردراوە بە ئەندامی دەفتەری سیاسی. بە ڕووخانی ڕژێمی شا، ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە بۆ مەهاباد. لە چوارەمین کۆنگرەی حیزبدا، هەڵبژێردراوە بە ئەندامی کۆمسیۆنی تەبلیغات. حوزەیرانی ١٩٨٠ بووە بە یەکێکی تاقمی حەوت کەسیی جیابووەوە لە حیزب. دواتر لەگەڵ چەند کەسێکی تردا (ناوەندی بڵاوکردنەوەو فەرهەنگی کوردی- ئینتیشاراتی یەلاحەدینی ئەیووبی)ی لە ورمآ دامەزراندووەو گۆڤاری "سروە"ی دەرکردووە. شەوی ١٩٨٦/٤/١٨١٩ لە ورمآ کۆچی دوایی کردووە، تەرمەکەی لە گۆڕستانی (بوداق سوڵتان)ی مەهاباد نێژراوە

٧٢)یەحیا چروستانی: ١ نووسین.

یەحیا کوڕی مەلا محەممەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانییە، ١٩٢٢ لە دآی (بادین)ی ناوچەی پشدەر لەدایک بووە. لە حوجرە لەلای باوکیو لای مەلا عەبدوڵڵای مامی دەستی بە خوێندن کردووە. کە ١٩٣٢ بەماڵەوە هاتوونەتەوە بۆ سلێمانی، خراوەتە قوتابخانەی سەرەتایی، ساڵی ١٩٤٠ پۆلی شەشەمی لە قوتابخانەیفەیسەڵییە تەواو کردووە. پاشان بووە بە کاتب لە نەخۆشخانە. ساڵانی چل کاتب بووە لە ناحیەی ماوەت. لە لاویدا کەوتووەتە نووسین، لە گۆڤارەکانی "گەلاوێژ"و "دەنگی گێتیی تازە"دا بەتایبەت پەخشانی بڵاو کردوەتەوە.

کە حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد دامەزراوە، ڕووی کردوەتە ئەوآ؛ لە سەراو سەرچاوە لای حەمەڕەشید خان ماوەتەوە، بووە ئەندامی (یەکەتیی جەوانانی دێموکراتی کوردستان)و لە ڕۆژنامەو گۆڤاری "کوردستان"دا نووسیویە.

دوای ڕووخانی حکوومەتەکە، کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، لەبەر نالەباریی حاڵی خۆی چووە بۆ بەغدا. لەوآ بووە بە پێشنوێژی مزگەوتی مەلیک فەیسەڵ تا ١٩٥٢. ئەو ساڵە بەشداری تاقیکردنەوەی وەزارەتی بەرگری بووە تا بە ئیمام تابووری سوپا وەربگیرآ. ئەگەرچی هەر یەکەم بووە، دووەم جار وەرگیراوە.

ئیتر بووە بە ئیمام تابوور لە سوپادا. ١٩٧٥ براوەتە نەخۆشخانەی عەسکەریی ڕەشید لە بەغدا، لێی ماوەتەوە تا ١٩٨٤ کە خانەنشین کراوە. ١٩٨٥ لەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەری هەڵبژاردەدا هێنراوەتەوە بۆ ناو سوپا، تا ڕووخانی ڕژێم لە ٢٠٠٣دا هەر وەزیفەدار بووە.

یەحیا چروستانی، ساڵی ١٩٥١ "حەمدییە عەبدورەحمان"ی هێناوە، "عەلاو و یەڵاحو فەرەیدوونو مستەفاو نەسرینو شیرین"ی لێ هەن. ئێستا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە بەغدا بەسەر ئەبا .

٧٣)... پەناهی: ١ شیعر.

١. ٢. ناوەڕۆک:

١. ٢. ١. هەواڵ:

سەرچاوەیەکی هەواڵ، ئاگادارانی حیزبیو حکوومەتی، یا پەیامنێری تایبەتی شارو شارۆچکەکانی تر بووە. سەرچاوەکانی تری هەواڵی دەرەوەو ناوخۆیش، بەدەر لەوە، بریتی بوون لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی عەرەبیو فارسیو تورکیی وەک "آژربایجان"، "الجهاد"، "المێری"، "الغد"، "ایرانما"، "مردم ملی"، "شوروی"، "نجات ایران"، "رهبر"و "کوهستان" لەلایەکەوە، دەنگوباسی ڕادیۆکانی دەهلیو تارانو تەورێزو لەندەنو بەیرووتو مۆسکۆو ئەنقەرە لەلایەکی ترەوە.

جگە لە ١٨٤ هەواڵی ناوخۆ کە بەپآی بابەت کورت یا درێژ داڕێژراون، ٤٠ ڕاپۆرتە هەواڵ لەو ماوەیەدا بڵاوبووەتەوە: ٢٣یان هەریەکە لە ژمارەیەکدا، ١٠یان لە ٢ ژمارە، ٣یان لە ٣، ٢یان لە٤، ٢یان لە ٨ ژمارەدا. ڕاپۆرتەکان، وێنەیەکی هەمەلایەنەی وردی چەند پێشهاتێکی گرنگی وەک جەژنەکانی ڕاگەیاندنی حکوومەتی میللیی کوردستانو چالاکیەکانی ژنانو خوێندنو شتی وایان کێشاوە، کە دواڕۆژ سوودی گەورە بە فیلمسازان ئەبەخشن بۆ دەرهێنانی فیلمی مێژوویی سەبارەت بەو سەردەمە.

تۆمارکردنی ئەم هەواڵانەی ناوخۆ، بۆ مێژوو، بە پێویست ئەزانم:

١-خوێندن:

ڕوویەکی گەشی کارەکانی حکوومەتی میللیی کوردستان بایەخدانی بووە بە خوێندەواریو بە کوردی خوێندن. کوردی،

هەر زوو بە فەرمانی قازی محەممەدو بڕیاری کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا بە زمانی ڕەسمیی خوێندنو هەڵسووڕاندنی کاروباری ئیداریی حکوومەت. داوا کرا کوڕانو کچان بە زوویی بخرێنە قوتابخانە. هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان، وەک لایەنی لێپرسراو، گورجوگۆڵییەکی زۆری لە خزمەتکردنی ئەم بوارەدا نیشان دا؛ عەلی خوسرەویو ڕەحیم لەشکری بە پشکنێر دانران (ژ١، ل٤).

ئەو دەمە، شارو شارۆچکەکانی تریش خوێندنو قوتابخانەیان تێدا بووژایەوە؛ ناوی قوتابخانەکان کرانە کوردی: دەرسخانەی (شاپوور) لە بۆکان گۆڕدرا بە دەرسخانەی (کوڕانی پێشەوای کوردستان) (ژ٢، ل٤)، "پەهلەوی" لە مەهاباد کرایە "کرمانجی" (ژ١٠، ل٤). قوتابخانەکانی گەلاوێژ، کوردستان، کرمانجی، سەعادەت، پەروین "پەروانە"، خوسرەوی لە مەهاباد هەبوون (ژ١٠، ل٤؛ ژ٣٢، ل٤). هەر بە فەرمانی پێشەوا، دەرسی کوردی بە زنجیرە لە "کوردستان"دا، لە ژمارە (٣٢)ەوە، بڵاوکرایەوە بۆ دەستپێکەرانی فێربوونی کوردی (ژ٣١، ل٤).

مەدرەسەی کوردستان، لە شەوی ٢٥/١/١٦ (١٩٤٦/٤/٥)ـەوە، پێنج پۆلی بۆ گەورەو نەخوێندەواران تەرخان کرد (ژ٣٢، ل٣)؛ کوردیو ڕووسیی تێدا خوێندرا (ژ٣٤، ل٤). هەمان مەدرەسە لە ٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢) بەدواوە پاشنیوەڕوان قوتابییانی لێ کۆبوونەتەوە بۆ نوتقو وتاردان (ژ٢٨، ل٤). (مەدرەسەی ئەکابری یایان)یش لەناو مەدرەسەی کچاندا کرایەوە بۆ پآخوێندنی کچانو ژنانی نەخوێندەوار (ژ٣٢، ل٣).

مەدرەسەی گەلاوێژ کە لە خانووی حاجی ئەحمەدی گادانیدا بوو لە گەڕەکی قولە قەبران (ژ١٠، ل٣)، لە هەووەڵی بەفرانباری ١٣٢٥ (کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥)ـەوە، ڕۆژانە ٥٠٠و شەوانە ١٠٠ شاگردی هەبوە (ژ٦٥، ل٣)؛ دوو پۆلی شەوانەیشی هەبوە بۆ فێرکردنی ڕووسی (ژ٧١، ل٤). جوولەکەکانی مەهابادیش قوتابخانەیەکی تێکەڵی کوردیو عیبرییان کردەوە (ژ٧٥، ل٤). لە شنۆ مەدرەسەی کچانیش کرایەوە (ژ٢٤، ل٥).

هەر ئەو ماوەیە، هەیئەتی کاری یەکەتیی جەوانانی دێموکراتی کوردستان، سآ پۆلی بۆ بەرودوا نەخوێندەوارانی یەکەتی، خوێندنی دەرسی ڕووسیو دەرسەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری کردەوە (ژ٧٩، ل١).

٢-جەژنەکانی سەربەخۆیی:

دوا بەدوای ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/٢٢) کە حکوومەتی میللیی کوردستان ڕاگەیەنرا لە مەهاباد، بەو بۆنەیەوە جەژن لە بۆکانو نەغەدەو سەراو گوێگجەلیو پێشمەرگەخانەو گەردیلانو چەند شوێنێکی تری مەهاباد، لە چاپخانەو ئیدارەخانەی ڕۆژنامەو گۆڤاری "کوردستان"و دآی بالانیشو لای کۆمەڵی یەهوودی مەهابادو دآی جەڵدیانو سارۆقامیشو مەدرەسەی کچانی مەهابادو لای گەلی خەڕازیانو شارویرانو شنۆ ساز کرا، ئاڵای کوردستان هەڵکرا. ژمارەکانی (١، ٥، ٧، ٨، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٥، ٣٧، ٣٨، ٤٠، ٥٦) بەدواداچوونێکی گشتیی جێبەجێبوونی ڕآوڕەسمی ئەو جەژنانەیان تێدا کراوە.

٣-بەرەی شەڕ:

((هێرشی ئیرتیجاع: بەرانبەر ڕاپۆرتێکی ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٢٨ گەیشتووە لە بەشی سەردەشت هۆردووی فارسە مورتەجیعەکان کە عددەیێک بانەییان دەگەلڕ بوون، هێرشیان بۆ عددەی حەسەن ئاغای هەنارە وە زێڕۆ بەگو گەورکەکان هێناوە. لە نەتیجەی دیفاعدا مورتەجیعەکان زۆر خراپ شکاونو تەلەفاتێکی زۆریان داوە: ٣٠ کەس لە بانەییان بە دیل گیراون، دوو ئاغاو دوو نۆکەریان کوژراوە، ١٤ قەبچە تفەنگ، ١٤ قەبچەگهبانچەو یەک دووربینو شەش ئەسپ بە غەنیمەت گیراوەو بە شپرزەیی گەڕانەوە دواوە. بەوەیڕا دیارە خودا دەگەڵمانە، بکۆشن پیرۆز دەبن.)) (ژ٤٩، ل٤)

((لە جەبهەی سەردەشت: خەبەر گەیشتووە کە شەوی چوارشەمموویە پێشمەرگەکانی ئیرتیجاع بە هەورازەی نێزیکی سەردەشت کە پۆستی کوردستانی لێ دەبآ، پەلامار دەبەنو پۆستەکە دەورە دەدەنو بە خەیاڵی خاوی خۆیان بە دەرفەتی دەزاننو پەلامارآ بۆ ئێلی ئازای گەورک کە کاکەڵڵا ئاغا فەرماندەیان دەبآ، دەبەن. لەپاش شەڕێکی زۆر هێزی ئیرتیجاعو کوڕانی بەزۆر هاتووی ئێرانی ٤٤ کەسیان لێ دەکوژرآو نێزیکی ٤٠ کەسیان بریندار بووەو زۆر بە شپرزەیی دەشکێنو هەڵدێنو لە هێزی کوردستان ٥ کەس بریندارو سەعید بەگ پیاوی حەمەدی وسێن ئاغا بە دەرەجەی شەهادەت گەیشتو گیانی پاکی دەگەلڕ گیانە پاکەکانی شوهەدای ئازادی بوو بە هاودەم. دیسان هێزی حەق هێزی درۆزنی ئیرتیجاعی ڕەپآ ناوەو تا وێستا خەبەرێکی تازە نەگەیشتووە.)) (ژ٥٠، گرت ل٤)

((دیسان پەلاماری مورتەجیعین: ژ٦٠، ل١،٢)

ڕاپۆرتە هەواڵێکە سەبارەت بە هێرشی ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٥ (١٩٤٦/٦/١٥)ی ئەرتەشی ئێران لە بەرەی سەقز بۆ سەر هێزی پێشمەرگە؛ دوژمن دەوری هەزار کوژراو بریندارو تێکشکانی ٢ فڕۆکەو ٢ تانکو هی تری هەبوە.

(شەڕی مامەشە ٣ هەزار سەرباز، هەشت تۆپ، دوو تەیارە، دوو تانک بەرامبەر بە سیونۆ بارزانی: ژ٦٦، ل٢)

ڕاپۆرتێکە لەبارەی هەمان شەڕەوە.

(شەهید بوونی نانەوازادە: ژ٧٠، ل٢)

((لەسەر واجیباتی موقەددەسی عەسکەری (دیپلۆماسی) لە ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٢٥ لە سەعاتی ١٢ی پاشنیوەڕۆ داخی گرانم لە گهیارەیەکا کە لە سەردەشتەوە پێی ئەهاتەوە بۆ سەقز، لەسەر گەردەنەی بەرزی (کەلی خان)ـا بەهۆی گڕ تآبەربوونی ئەو فڕۆکە بالڕ سەختە لە عەینی وەختا ئاغای نانەوا زادەش گڕی شەوقی ئازادیی گرتو گیانی پاکی بە فریشتەی خوای کوردو کوردستان بەخشی... .))

٤-(جێژنی نەورۆز لە مەهاباد: ژ٢٧، ل٤،١،٢،٣؛ ژ٢٨، ل٣،٤)

ئەو ڕآوڕەسمە کە ڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٤٦ بۆ یادکردنەوەی نەورۆز بەجآهێنراوە، بە ڕەسمی ناسینو دانپێدانانی بوو وەک جەژنێکی نەتەوەیی کورد؛ قازی محەممەدو مەلا مستەفا بارزانیو محەممەد مەحموود "قودسی"ش بەناوی پارتی دیموکراتی کوردی عیراقەوە، وتاریان تێدا خوێندوەتەوە.

٥-چالاکیی ژنان:

ژنان، ئەو ڕۆژگارە بە ڕێنوێنیو پاڵپشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان توانییان خۆ ڕێکبخەنو چالاکیی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن. لەوانە:

(کۆنفرانسی یایان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردو شورەوی: ژ٢٤، ل٧)

((ڕۆژی جومعە ١٣٢٤/١٢/١٧ لەلایەن یای پێشەوای کوردستان کۆنفرانسێک بۆ بیر ئاچیخ بوونەوەی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان لە یانەی فەرهەنگی کوردو شوورەوی گیرا، لەم کۆنفرانسەدا ژمارەیێکی زۆر لە یایەکانی ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزیو ئامۆژگارانو شاگردانی مەدرەسەی کچانو کارگەرانی حیزبی دیموکراتو ئیداراتی حکوومەتیو توجاڕو کەسەبەبەپآی بانگهێشتنآ کە لەپێشدا کرابوون، حاچر بوون. دەپێشدا یای پێشەوای کوردستان لە بابەت ئەهەمییەتی خوێندنی ژنو کچو پێشکەوتنی ئیتیحادیەی ژنانی شوورەویو پێویستی شناسایی دەگەلڕ وان کرد. دوایە عددەیەکی زۆر لە ئامۆژگارانو شاگردانو یایەکانی دی نوگقو خەگابەیان خوێندەوە وە کۆنفرانس کە لە ساتی ٢ی پاشنیوەڕۆ گیرابوو، لە ساتی ٥ دوایی هات.))

(سازکردنی حیزبی دێموکرات لەلایەن ژنانی کوردستان: ژ٢٥، ل٣)

((ڕۆژی جومعە ١٣٢٤/١/٢٤ ١٩٤٦/٤/١٣ لەلایەن یای پێشەوای کوردستان لە ژمارەیەکی زۆر لە یایەکانی تێگەیشتووی کوردستان گێڕدرایەوەو لە ساتی ٣ی پاشنیوەڕۆ لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆبوونەوەو بە سەرۆکەتیی یای پێشەوای کوردستان (یای مینای قاچی) حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دامەزراو ژمارەیێکی زۆر لە یایان نێونووسییان کردو مانگانەی ئەندامەتییان لە تمەنێک تا دە تمەن وە ئەستۆ گرت)).

ماویەتی بۆ ژمارەی داهاتوو

# گەرمەشینێ بۆ (هەڵەبجە)

دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز
نووسەر و مامۆستای زانکۆ

ئەی دایک و باوکانی جەرگسووتاوی ئاراملێبڕاوی (هەڵەبجە) ئەی خوشک و برایانی سەرتاپارەش و قوڕبەسەری (هەڵەبجە)
ئەی دەسگیرانانی بە ئاکام نەگەیشتوو و ژنانی کۆستکەوتووی (هەڵەبجە)
ئەی کوڕوکاڵانی ڕەشپۆش و خێرنەدیوی (هەڵەبجە)
ئەی پیروپەککەوتووە دڵشکاوەکانی (هەڵەبجە)

جارێکی دیکە، لەنێو گۆڕی تەنگوتارتاندا ڕاستبنەوە و هەستنەوە، دەسی نارەزایی بۆ ئاسمانی دوور و بەرین هەڵبڕن، پڕ بە دەم هاوارکەن، بقیژێنن و بڵێن: بمرێ زۆرداری، بمرێ چەوسانەوە، بمرێ کەڵەگایەتی، بمرێ نۆکەری، بمرێ خۆفرۆشیی و ناپاکی.

دەسا بە قوربانتانبم، ئەوڕۆ ڕۆژ ڕۆژی ئێوەیە، با هاوارتان، گوێی زەوی کەرکا. با ناڵەتان، لە چیا سەرکەش و دەشتە پانوبەرین و ئەشکەوتە قووڵەکانی (کوردستان) دەنگبداتەوە. با ئاهونزوولەتان، بارتەقای ئاسمان پڕکا. با دەنگی کزۆڵەی ئێوە، بە دەم ڕەشەبای مەرگەوە بگەڕێتەوە. با شێوەی شێواو و ڕەنگی پەڕیوی زەردهەڵگەڕاوی ئێوە، لە ئاوێنەی بێگەردی ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی بەریندا بدرەوشێتەوە. نۆکەرانی نێوخۆ و دوژمنانی داگیرکەر زارەترەککەن، چونکە چاوی سۆز و هەستی بەزەیی برا عەرەبەکانتان کوێرن. گوێی بیستنی ڕاستیی هاوئایینەکانتان کەرن. زمانی نارەزایی داگیرکەرانتان لاڵن. ویژدانی لارەوەبووی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، مرۆی کۆتایی سەدەی ئەتۆم و مانگی دەسکردیش مردووە!


ئەی (هەڵەبجە)ی خوێناویی، مەکینەی کام ئاشی داگیرکەر، بەردی بناغەی (13) ماڵەکەتی وردورد هاڕی؟! گەردەلوولی بیابانی بێبەزەیی کام داگیرکەر، پیاوماقووڵانی شارەکەتی یەکیەک هەڵلووشی؟! ڕەشەبای بەتینوتاوی کام داگیرکەر، لق و پۆپی درەختە سەوزەکانتی، چڵچڵ شکاند؟! بۆمبی کیمیایی کام داگیرکەر، کانیاوی ڕوون و سازگاری نیشتمانەکەتی، تنۆکتنۆک لێڵ و ژاراویی کرد؟!

ئەی (هەڵەبجە)ی دڵە وێرانەکەم! ئەوا بەهارە، (کۆچی یارم، کۆچی سوورە، بەهارە و خێڵ بەرەوژوورە)، ئەدی کاروانی سەرەوژووری هۆزە گەورە و بە تواناکەی (جاف)ی تۆ، کەی کۆچی ساڵانەی خۆی دەکا؟! کوا نازدارانی (جاف)، لە کوێن؟! بۆ دەنگی (سیرەی سەماوەر و ئەڵڵاهو ئەکبەرەکەت) نایە؟! لە کوێن و چییان بەسەرهات؟! بۆ (مەحموود)پاشای دەسەڵاتدار، لەخواترس، دادپەروەر و بەویژدان، نازناوی ڕاستینەی پاشایەتییەکەی خۆی، لە چاڵی چاوی زەق و مۆنی، نەوەی گوورگەبۆرە تووڕکە (عوسمانیی)ەکانی ئەوڕۆ ناچەقێنێتەوە؟! بۆ لە پاداشتی چاکەی خۆیدا، (عادیلە) خانم داوای یارمەتی، لە ئینگلیزە چاوشینە داگیرکەرەکانی دۆستی ناکاتەوە؟! بۆ (وەسمان)پاشا سەرلەنوێ، باخ و مزگەوت و گەرماوەکەی نوێ ناکاتەوە؟! بۆ ڕەوانی شادی (ئەحمەد موختار جاف)، لە گۆڕە تەنگوتارەکەی خۆیەوە دەرناکەوێ، بە هۆنراوە ئاگرینە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆی، گەرمەشینێ بۆ مناڵانی خێرنەدیوی زێدەکەی خۆی ناگێڕێ؟!

ئەی (هەڵەبجە) برینداره بێ نازەکەم! ئەی (هەڵەبجە)کەی میوەی بەتامی بەهەشت و سەوزەی تەڕوپاراو، ئەی (هەڵەبجە)کەی شەکرەسێو و گوڵبەهار، دارگوێز و دارتوو، ڕبەهەنار و هەنگوینی شانە، ئەی (هەڵەبجە)کەی پڕ لە گەشتوگوزاری جێ سەیرانگەی بەهاران، ئەمانە هەموویان هەر تەنیا، بۆ تۆی هەژار نەبوون، بۆ خواپێیداوانی دیکەی کورد و میوانی بیانیی بوون، تەنیاوتەنیاش، هەر بۆمبی ناپاڵم و بای ژاراویی مەرگ بۆ تۆ بوو.

ئاخر، ئەوە ژاراویی ئەو شمشێرە نووکتیژە دووفاقەی عەرەب بوو، کە (14) سەدە لەمەوبەر (ئەباعوبێدە)، بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە و بە کامی دڵی خۆی نۆشیکردی، لە دەشتی (شارەزوور)، گیانی شەکەتی پاک و بێ تاوانی، سەدان ڕۆڵەی کوردی دروێنەکرد. ئەوە دەردی بێ دەرمانی ئەو داگیرکردنەی، قەڵای قایمی مێشکی نەتەوەکەمانە، کە تا مردن لە کۆڵمان نابێتەوە .

ئەی (هەڵەبجە)ی باخی ڕەوانشادان! هەموو ڕۆژێ لە ئەم ڕۆژ و مانگ و ساڵەدا، لەتاو بۆمبارانکردنی (26. 4. 1974) و لەتاو یادی ژارابارانەکەی (16. 3. 1988)ی تۆ، لەتاو مەرگی بەکۆمەڵی تۆ، درەختەکانی (باخیمیر) و (کانیئاشقان) یەکیەک، سەراپای خۆیان لە قوڕدەگرن، قەدوبالایان دەچەمێننەوە، گەڵاسەوزەکان بۆ مناڵەکانت، پڕ بە هەردوو چاویان، فرمێسکی خوێنینی وێنەی ئاورنگی بەرەبەیان دەڕێژن و بەخوڕدەگرین. لق و پۆپ و چڵەکانی، پرچی ڕەنگینی خۆیان دەڕننەوە. بەڵام ڕەگە قووڵەکانیان، پتر بە ناخی خاکی پیرۆزی (هەڵەبجە)دا دەچنەخوارەوە، چونکە گەر درەختەکانیشت بمرن، سەر بۆ داگیرکەر دانانەوێنن، وەک شەهیدەکانت، هەر بەپێوە و بەسەربەرزیی دەمرن!






ئەی (هەڵەبجە)ی مەکۆی شۆڕش! مەلەئێسکسووکە باڵنەخشینە خۆشئاوازە ژیکەڵەکان، بە دەروونێکی پڕ لە ژان و بە دەنگێکی پڕ لە خەمەوە، لایلایەی خەوێکی چاو پڕ لە وەنەوزی بای کیمیایی، بۆ مناڵانی شارەکەت دەکەن و خەو لە چاوی نیوەهەڵاتوویان دەخەن، چیرۆکی مشک و پشیلەیان بۆ دەگێرنەوە، تا بۆنی سێوی گەنیو و گازی (خەردەل)یان لەبیربەرنەوە! بەیانانیش زوو، بە جریوەجریو و ئاوازێکی دڵگیر، گۆرانیی و بەستەی سەرکەوتنیان بۆ دەچڕن، مژدەی هەڵاتنی ڕۆژێکی نوێ، لە ئاسۆی ئەرخەوانیی دەم کەلی (هەڵەبجە)وە، بە مناڵانی باخچەی ساوایانی شارەکەی (عومەری خاوەر) دەدەن!

ئەی (هەڵەبجە)ی بەهەشتی کانگەی دڵداریی و ئەڤینی ڕاستەقینە، هەموو ڕۆژێ (کانیئاشقان)ەکەی تۆ، لە تاو گریان و فوغانی دڵدارەکان، دوو جۆگەکەی سەر ڕوومەتی ئاڵی وشکدەبێ و قووڵپی خوێن هەڵدەهێنێتەوە، بۆ ڕۆژی دواتریش، جارێکی دیکە دەتەقێتەوە و فرمێسکی گەرمی خوێنین دەڕێژێ!

ئەی (هەڵەبجە)ی بووکە خێرنەدیوەکەی دەشتە ڕازاوەکەی (شارەزوور)، ئەی هاوزامە دەستەخوشکەکەی شارۆچکەی شەهیدی (قەڵادزێ)، ئێوە دووانەی خەمێکی گەورە و زامێکی قووڵن، خەم و زامەکانتان، بە سکێ لەدایکبوون، سوێی ئازاری خەم و زامەکانتان، هەرگیز سارێژنابێتەوە! ئاخر بۆمبارانکردنەکەتان، هەمووی (2) ڕۆژێ نێوان بوو: ڕۆژی (24. 4. 1974) بوو، دوژمنی داگیرکەر، مەلی گیانی (قەڵادزێ)ی، وەک چۆلەکە سەربڕی. هەر لە (26)ی هەمان مانگ و هەمان ساڵیشدا بوو، کۆترەباریکەکەی دڵی تۆشیان خنکان! بەڵام تۆ (2) جار سەربڕرای، هەر لە هەمان مانگ و دوای (14) ساڵی دیکەش، بەر شاڵاوی بای مەرگ و گازی ژاراویی کەوتیتەوە!

هەموو ساڵێ، لە یادی ژارابارانەکەی (16. 3. 1988)ی شاری شاراندا، شەهیدانی هەردوو بۆمبارانەکەی ڕۆژی (24. 4. 1974)ی شارۆچکەی (قەڵادزێ) و ڕۆژی (26. 4. 1974)ی شارۆچکەی (هەڵەبجە) هەڵدەسنەوە و پێشوازی، لە قوربانییەکانی گازی ژاراویی و کاروانی شەهیدانی شۆڕشی نوێ دەکەن. شەهیدانی شۆڕشی نوێش، ئاوڕ لە یادی شەهیدانی شۆڕشی ساڵی (1974) و هەرەسی بەهاری (1975) دەدەنەوە! هەمووشیان لەبەر بێکەسی، ناچاریی و بێدەسەڵاتی، باوەش بە یەکدیدا دەکەن، تێرتێر بەکوڵ بۆ یەکدی دەگرین، پڕ بە دەمیان هاواردەکەن، تۆڵەمان دەوێ، تۆڵە. خوێنمان بەفیرۆمەدەن، چی دیکە، باوەڕ بە دەوڵەتی داگیرکەری چنگۆنینۆک خوێناویی کۆمەڵکوژی (عێراق) مەکەن.

2023 .4 .28




# جەزا فەریق مەحمود

1956 -لە هەڵەبجە لەدایکبووە
1980 -بەشێ وێنەکێشانی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا تەواوکردووە
85 80 -مامۆستای وێنە بووە لەناو شاری سلێمانی و پاشان چۆتە شاخ و دواتر چۆتە ئێران
1988 -چۆتە نەمسا
1980یەکەمین پیشانگەی تایبتی لە ڕۆما کراوەتەوە
1993-دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (Ruzovy kopecek) کردۆتەوە لە چیکسلۆفاکیا
1994 -سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری(Forum) ی شاری(Wels) ی فەرەنسا کردۆتەوە
1995-چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (Miles an More) لەشاری (Voecklabruck) کردرتەوە
1995-پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە(Mocding)
2000-شەشەمین پشانگەی تایبەتی لە (Stadtturm Galerie) کردۆتەوە
2004-حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لەشاری (Traun) لە نەمسا کردۆتەوە
2005-هەشتەمین پیشانگەی لە هۆڵی ئەمنە سورەکە بۆ کرایەوە
-لە 2005/7/4 لەشاری سلێمانیماڵئاوایی کرد

















# سەرکردەکان

## عەبدوڵا کەریم مەحمود

گەر لە دوای رووداوەکانی تراژیدیای چاڵدێرانەوە ، بەوردی بڕوانینە مێژووی کوردستان ، دوور لە مەدح و وەسف وسەنا، دەیان تراژیدیای سەرکردەی ئەمارەتەکانی کورد دەبینین .

گەر مێژوونووس و نووسەران و رۆژنامەنووسان لە ئاستی رەوشتی پیشەکە یان دابن ، رووداوەکان وەک خۆی بەئەمانەتەوە ، بۆ خزمەتی مێژوو تۆمار بکەن ، کار لەسەر( کات وشوین و کەسانی ناو رووداوەکان وکەسانی دەوروبەو زنجیرە رووداوەکان ) بکەن ، دیمەنی رووداوەکان ، وەک فۆتۆیەک بە لایەنی باشی و بەخراپییەوە ، وەک خۆی بخەنە روو.

زۆر لە سەرکردەکانی کورد ، لە نێو زنجیرە رووداوەکان دا ، لە ئاستی سەرکردایەتی دا نەبوون ،ئاستی هوشیاری و هەڵسوکەوت و هەڵوێسیان پڕ بووە لە گیانی خۆپەرستی ، لە بڕیارەکانیان دا گەورەترین هەڵەی مێژوویان کردوە ، گەلەکەیان رووبەرووی تراژیدیا کردووەتەوە.

لە و سەردەمەوە تا ئێستا ، ئەم سەرکردە دژی ئەو سەرکردە بووە و شەری یەکتریان کردووە ، هەندێکیان مەقاش و ئامێری داگیر کەرانی نیشتمانەکەیان بوون ، پلان و بەرنامە و نەخشەی داگیرکەرانی خاکەکەی دژ بە گەل و نیشتمانەکەیان جێ بە جێ کردووە.

لە چاڵدێرانەوە کوردستان کرا بە دوو پارچەوە ، بەشێکی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمان ی تورکیاو و بەشەکەی تریان کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی دەوڵەتی سەفەوی ئێران ،سەرکردەکانی کورد ، لەو سنووری جوگرافیا دیاری کراودا ،شەڕی یەکتریان کردوە و کوردیان ، بە کورد بەکوشت داوە.

گرێ ی ئاڵۆزی دەروونی سەرکردەکانی کوردبە درێژایی مێژوو بەردەوام بووە ، لە سەرەتای شەستەکانەوە ،تا ئێستا نزیکەی ٦٠ساڵە ،لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری عێراق ولە سەردەمی شۆڕش وشاخ ، لە دوای راپەڕین وپەرلەمان و حکومەتی هەرێم ودوای نەمانی سەدام و عێراقی نوێ ی دەسەڵاتی شیعە ، سەرکردەکانی کورد بە پێ ی زەمەنە جیا جیاکان ، بە سیناریۆی مەلای و جەلالی هەزران کوردیان بە یەکتریی داوە بە کوشت .

ئەو نەخۆشییە سایکۆلۆجییە ی سەرکردەکانی کورد بۆدژایەتی یەکتریی و سڕینەوەی یەکتریی ، لەو هەست بەکەمی کردنەوە سەری هەڵداوە ،دەروونی ئەوان نە بە کورسی دەسەڵات، نە بە هەدەردانی سامانی نیشتمان ،بەهیچ هێور نابێتەوە .

سەرکردەی حیزبە سیاسییەکانی کورد، وەک سەرکردەی ئەمارەتەکان ، بە بەردەوامی لە سنوورێکی جوگرافیای دیاری کراودا ، بەهاو نرخ بۆ یەکتری دانە ناوە ، دژایەتی یەکتریان کردوەو و یەکترییان سڕیوەتەوە.

بە بڕیار و بە سیناریۆی ئەوان لە شەستەکانەوە تا ١٩٩٨لە زنجیرە شەڕەکانیان ، کوردیان بە کورد بە کوشت دەدا ، ،جوگرافیای هەولیریان سلێمانیان کرد بە دوو وڵاتی جیاواز،دوو پەرلەمان و دوو حکومەت .

شاری سلێمانی باجی ململانێ ی نابەجێ ی ( یەکێتی و گۆڕان و پارتی و ئەو حیزبانە ) دەدا کە لە پەلەمان و حکومەت دابە عەقڵێکی داخراوی حیزبایەتی یەوە هەڵسوکەوت دەکەن .

لە پەیمان نامەی لۆزانی ١٩٢٣ ، بەسیناریۆی بەریتانیاو فەرەنساو یەکیتی سۆڤیەت و تورکیای نوێ ی مستەفا ئەتاتورک ، مافی چارەنووسی کوردوکوردستان یان لە پەیمان نامەی سیڤەردا سڕییەوە ،لەلۆزانەوە تا ئێستا ، کورد کۆمەڵ کوژو ئەنفال و کیمیاباران وجینۆساید دەکرێ ، هەموو بیابانەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق گۆڕی بە کۆمەڵی کوردە .

لە دوای راپەڕینەوە سەرکردەکانی کورد لە بری ئەوەی ئەو زنجیرە هەڵە گەورانە ،چەند بارە نەکەنەوە ، شەڕی کورسی دەسەڵات و جیاوازای شارەکان و جیاوازی جوگرافیای نیشتمانەکەیان دەکەن .

لە ١٩٢٣ تا ٢٠٢٣ دوای تێپەڕبوون ١٠٠سا ڵ بەسەر تراژیدیا ی لۆزان، داگیرکەرانی نیشتمان بە نیازن ، لە سیناریۆیەکی تردا . ئەمجارەیان کورد و نیشتمانەکەی بەم سەرکردانەی کورد بسڕنەوە .



لەگەڵ دەرکەوتن و
ئاوابونی تیشکی هەتاو
لە رۆژوو شەوی ئەنگوستەچاو
بۆ قوڵای خاکی لمینی عەرەب براو
هەزاران کوردی بەبێ گوناهـ لەچاڵ نراو
ڕاوەستانی وەکو ســـزا لەبەرهەتاو
هاوارو ناڵەی پیرەژنی بەساڵاچو بۆ قومێ ئاو
ســـــەدان دایک لە کۆرپەکەی دابڕێـــنراو
سەدان گەنـــــجی بەعزەتی موحتاج کراو
ئەی یادگاری بـەجێـماوی سەدان کـیژی مارە کراو
لە دێی گەرمیان پیرە پیاو پیرە ژنێکی بەجێماو
پاش چەند ڕۆژێک بینینەوەی لاشە خوراو هەپرونکراو
ئاخر خوایە لەئاست ئەم تاوانە کەی دێتە جواو کەی دێتەجواو.....

ن..عبدالله سەنگاوی

بۆزانین/ئەم خێزانە ئەنفالکراون



# چی بۆ کورد گرنگە لە هەڵبژاردنی ئەمڕۆی تورکیا

د. کامەران مەنتك

2023|5|14

چەند وتارێکم لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمڕۆی تورکیا نووسیوە، دیارە بەشێکی زۆری ئەو خوێندنەوانەی بۆ هەڵبژاردنەکان دەکرێن، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی ئەو هێزو لایەنانەی، رکابەری لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمارو کورسییەکانی پەرلەمان دەکەن، چۆن هێزەکان گرەو لەسەر جولاندنی هەست وسۆزی خەڵك دەکەن ودەیانەوێت لەو رێگەیەوە دەنگ کۆبکەنەوە، کە ئەمە شتێکی ئاساییە لەگەمەی هەڵبژاردنی هەموو دنیادا، بەهەمان شێوە نووسەرەکانیشیان وەك بەشێك لە ماشێنی هەمان دەزگای کار دەکەن و ئامارو خوێندنەوەکانی خۆیان دەخەنە روو، لەو ناوەدا راستییەکان بزر دەبن وئەرکی ئەکادیمیستان ونووسەرانی سەربەخۆ ئەوەیە راستیەکان نیشانی خەڵك بدەن ودیوە تاریکەکانی پش پەردەکان رۆشن بکەنەوە، کە بەداخەوە بەشێکی کەم لەوانە توانیویانە خۆیان لە رەشەبای پڕوپاگەندەکان بپارێزن ونەکەونە ژێر کاریگەری ئەو پڕوپاگەندانەوە.

راستییەك هەیە دەبێت راشکاوانە دانی پیا بنێین، یاخود وەك ئەگەرێکی بەهێز مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەویش ئەوەیە ناکرێت کورد خەونی گەورە لەسەر ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە هەڵچنێت، لەبەرئەوەی وەك پێشتر باسمان کردووە، هەردوو لایەنی رکابەر پرۆژەیەکی نیشتمانی فراوانیان لانییە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیاسەت و ئەنجامدانی گۆڕانکاری ستراتیژی لە تورکیا، تەنانەت هەردوو لایەنیش تا ئەو رادەیە ئازاد نین، کە بتوانن ئەو گۆڕانکارییانە بکەن، لەبەرئەوەی تورکیا بەهۆی پێگە جیۆپۆلەتیکییەکەوە بە تەنیا بەرەهەندە ناوەخۆییەکانەوە پابەند نییە، بەڵکو بەدەست کۆمەڵێك رەهەندی هەرێمی وجیهانی زۆر ئاڵۆزەوە دەناڵێنێت! بۆیە هیچ لایەنێك لەو لایەنانە بەشێوەیەکی راشکاوانەو بەوردی لەمەسەلەی چارەسەری پرسی کورد نەدواوەو نەخشە رێگەی چارەسەری خۆی نەخستۆتە روو، یەکێکیان شانازی بەو دەستکەوتانە دەکات، کە کورد لەسەردەمی ئەودا بەدەستی هێناوە، لەو روانگەیەوە تەنانەت هەندێکجار راشاکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، کە کێشەیەك نییە لە تورکییا بەناوی کێشەی کورد! ئەوەی تر بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لەدوو تویی پەرلەماندا کێشەی کورد چارەسەر دەکات، بەڵام ئەوە روون ناکاتەوە، چۆن لەپێکهاتەیەکی پەرلەمانی وا ئاڵۆزو دژ بەیەکدا دەتوانێت چارەسەری مەسەلەیەك بکات، کە لەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیشدا بوێری ئەوە ناکات ئەو بابەتە لای هاوپەیمانەکانیشی بکاتەوە!

کەواتە چی بۆ کورد گرنگە لەو هەڵبژاردنەدا، رەنگ بێت گرنگترین خاڵ لەو هەڵبژاردنەدا نیشاندانی سەنگی کوردە لە پرۆسەی دیموکراسی لەتورکیا، کورد لەو هەڵبژاردنەدا، ئەگەرچی پەرتەوازەیەو بەسەر هەردوو لایەنی رکابەر دابەش بووە، بەڵام بەروونی دیارە، کە رۆڵی هێزی هەموارکار دەبینێت وئەو دەتوانێت هاوسەنگی هیز لەبەرژەوەندی ئەو لایەنە یەکلابکاتەوە، کە ئەو دەیەوێت، ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەش ئاماژەیەکی روون دەبێت بۆ ئەو رۆڵە، دیارە ئەمەش لە ئایندەدا، وا پیویست دەکات، کورد لە باکووری کوردستان زیاتر یەکگرتوو بێت وستراتیژی ئایدیۆلۆژیستیانەی خۆی بگۆڕێت وبتوانێت لە ژێر چەتری ستراتیژێکی نیشتمانیدا هەموو باڵە جیاوازو رکابەرەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە، بۆئەوەی سەنگی ئەو هێزە زیاتر بکات!.

بوون بەهێزی هەموارکار، زۆر جار بڕی هێز زۆر لەوە گەورەتر دەکات، کە لەراستەقینەدا هەیەتی، کەواتە ئەوەی هێزی کوردی لەو هەڵبژاردنەدا دیار دەکات، رۆڵی ئەو هێزە هەموارکارەیە، کە کورد دەیبینێت، گەورەیی وبچووکی بە بەراورد بەهێزە گەورەکانی تر، لەو هاوکێشەیەدا بایەخی زۆر کەم دەبێتەوە، لەبەرئەوەی چوونی کورد بۆ پاڵ هەر هێزێکی تر، هاوسەنگی هێز(بەواتا فراوانەکەی) لەبەرژەوەندی ئەو یەکلایی دەکاتەوە، ئەمە ئەو خاڵەیە، کە دەبێت کورد لە ئایندەدا زیاتر بایەخی پێبدات، ئەگەر لەو هەڵبژاردنەشدا نەتوانێت ئەمە بکات، ئەوە دەبێت لە ئایندەدا لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت بکات، چونکە شانۆی سیاسی تورکیا، سەرباری ئەو ئاڵۆزییانەی هەیەتی، بەئاسانی ئەو دەرفەتە بۆ کورد مسۆگەر دەکات.



# پێویستە هەرێم بپارێزرێت...

د. کامەران مەنتك

هەرێمی کوردستان دەستکەوتی خەڵکی کوردستانەو لە دەرفەتێکی مێژوویی هەستیارداو لە ئەنجامی گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێزی جیهانی وراگەیاندنی سیستەمی تاکجەمسەری هاتۆتە ئارا، ئەگەرچی خەریکە ئەو ژینگە جیهانی ونێودەوڵەتییەی، کە بنەمایەکی سەرەکی بوو بۆ ئەو لەدایك بوونە، گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر دادێت وەك دەرهاویشتیەکیش بۆ ئەم گۆڕانکارییانە رۆژ بە رۆژ مەترسییەکان لەسەر هەرێم زۆرترو چڕ تر دەبنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا مەترسی سەرەکی لەسەر ئەو قەوارەیە، ئەو دوو بنەماڵەیەیە، کە زۆر نابەرپرسانەو خۆپەرستانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەستکەوتەی خەڵکی کوردستان دەکەن، هەڵوێستی نەرێنی ئەو دوو بنەماڵەیە لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵی رابردوودا، هاوکات ئەو شەڕە راگەیاندنەی لەلایەن دوژمنانی کوردەوە دژی ئەو هەرێمە بەرێوە دەچێت، دۆخێکی هێندە ناتەندروستی دروست کردووە، کە خەڵك دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتە نابەرپرسەو مانەوەی ئەو هەرێمە تێکەڵ بکات بەشێکی زۆری خەڵك تەنیا لەپێناو ئەوەی لەو دەسەڵاتە رزگاریان بێت، خۆزگە بە نەمانی ئەو هەرێمە دەخوازن! کە ئەمە کارەساتێکەو پێویستە راست بکرێتەوە، خەڵکی کوردستان دەبێت لەوە تێبگەن، ئەو هەرێمە وەك قەوارەیەکی یاسایی موڵکی ئەوان و هەموو کوردێکەو دەبێت بپارێزرێت، نابێت بەهۆی چەند تاوانبارێکەوە، کە ئەگەر بچووکترین دەرفەت بڕەخسێت، دەخرێنە بەردەم دادگاکان وسزای رەوای خۆیان وەردەگرن.

هەندێك شکست هەیە، شکستی کوردە، وەك ئاماژەی پێکرا، ناکرێت لە ئەنجامی رق لێبوونەوە لەو دەسەڵاتە، ئاهەنگی بۆ بگێردرێت، لەوانە مەسەلەی نەوت، ئەگەرچی ئێستا نابەرپرسیارانە بۆ بەرژەوەندی کەسی وبنەماڵەیی سوودی لێوەردەگیرێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە موڵکی کوردەو خەڵکی کوردستان دەبێت خۆی ئەو هەڵانە راست بکاتەوە، نەك چاوەڕوان بکات بەغدا لەرێگەی گەمەیەکی هەرێمییەوە دەست بەسەر ئەو نەوتەدا بگرێت، ئەگەر مەسەلە گەندەڵی بێت، ئەوا لە قۆناغی ئێستادا دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا ئەگەر لەدەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم گەندەڵتر نەبێت، ئەوا هیچی کەمتر نییە، دەست بەسەرداگرتنەوەی نەوت لەلایەن کۆمەڵێك گەندەڵکارو داگیرکاری تر، چارەسەر نییە، چارەسەر ئەوەیە خەلکی کوردستان متمانە بەخۆی پەیدا بکاتەوە، کە لە زۆر رێگاوە ئەو متمانەیە تێکشکێنراوە، بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە دروست بکات وگۆڕانکاری ریشەیی لە دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێم بێنێتە دی، کە رەنگ بێت ئێستا ئەو دۆخە لە هەموو کاتێك لەبارتر بێت، بۆیە هەڵبژاردنی ئاینده دەبێتە وەك دەرفەتێك سەیر بکرێت بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان، ئەمە ئالنگارییەکی گەورەیە، بەڵام دەرەفەتێکی زێڕینیشە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو.

# پرۆسەی حکومڕانی هەرێم لەنێوان سیستەم و فەلسەفەی سیاسیدا

## سیروان حەمەڕەشید



سەرەتا گرنگە بزانین فەلسەفەی سیاسی چییە و باس لەچی دەکات.؟

بێگومان فەلسەفەی سیاسی ، لقێکی گرنگی فەلسەفەی سیستیماتیکە، کە خەریکی توێژینەوەیە لەسیاسەت و کردەی سیاسەت، بەپێی ئەم فەلسەفەیە بێت، مرۆڤ بوونی خۆی لەکایەی سیاسیی ، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا دەبینیێتەوە، بۆیە بەپێی پێناسەی" فەرهەنگی سیاسی ئۆکسفۆرد" فەلسەفەی سیاسیی بەدواچوونێکی سیستیماتیکیانەی ئەنجام و ئاکامی کردەی سیاسی و ئەو بڕیارەیە، لەلایەن فەلسەفەی سیاسیەوە چارەسەر بۆ قەیران و تەنگەژەکان پێشکەشدەکرێت"

( د. نەوزاد جەمال) لە کتێبی فەلسەفەی سیاسیدا ، بابەتە جەوهەرییەکان لەڕوانگەی چوار پایە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتدارییەوە ( هێز، دەسەڵات، قەڵەمڕەوی و دەوڵەت) تاوتوێ کردوە.

یەکەم- فاکتەری هێز

هەڵبەتە هێز یەکێکە لە بابەتی فەلسەفەی سیاسی بێ ئەم فاکتەر ناتوانرێت فۆرمی دەسەڵات و دەوڵەت دیاری بکەین، چونکە خاڵی بنەڕەتی دەوڵەت و حکومڕانی هێزە، لەنێوە کایەی حکومڕانی، دەسەڵاتی سیاسی لە پڕەنسپی دەستور و یاسا مەدەنیی و هیوامانیستی خۆی ڕەنگڕێژی نەکراوە، بەڵکو ئەو ئەو فۆرم ومۆدێلەی کە پێدەوترێت دەسەڵاتی سیاسی هێزی لە جەوهەری ڕاستەقنەی هێزە ماددی و مەعنەوی و یاسا مەدەنییەکانەوە وەرنەگرتووە، چونکە دەتوانین بڵێین حکومڕانی هەرێم کەم و زۆر پەیوەندی بەبوونی فەلسەفەی سیاسیەوە نییە، ئەو چەشنە لەهێز تەنها لەو وڵاتانەدا باوی ماوەی کەهێشتا پێیان نەخستۆتە نێو پرۆسەی دەوڵەتداری و حکومڕانییەوە کە کەسەرچاوەکەی کەلتوری پێشکەوتوی سیاسی ، دەسەڵاتی سیاسی هەرێم وەک دیفاکتۆی سیاسی دورست بوو ، نەک بەگەشەکردن و قۆناغبەندی حکومەتداری هاتبێتە کایەوە، هێزی سیاسی و مانەوە لەهێزی خێل و خێزانی سیاسی و نۆرمی بەسەرچووی زۆر کۆن وەردەگرێت. توێژەری فەلسەفی (فاروق ڕەفیق) لەسەر هێز دەڵێت:" کۆمەڵگەی بەهێز بریتیە لە دامودەگای مەدەنی و کەلتوری و یاسایی و مەعریفییەکانە، واتە لەم خاسیەتە ئەو ڕاستیەیە کەدەسەڵات لەپنتێکدا کۆنەبۆتەوە ، پێیوایە کۆمەڵگا لەڕێگای

دامودەزگای مەدەنی و کەلتوری و ئابووری و سیاسییەوە جڵەوی دەستپێشخەریەکانی لەنێو دەستدایە" کۆمەڵگە و سیستمی باش و سەرکەوتو لەسەر پڕەنسپی جیاکردنەوەی هێزەکان و بەر ئەنجامی هەڵبژاردنیکی پاک و ڕەوایەتی و دەنگدانی ئازاد دامەزراوە.

دووەم- بنەماکانی دەسەڵات:

پێش ئەوەی ئاماژە بە ڕۆڵی دەسەڵات بدەین گرنگە بەکورتی هێما بۆ مەعریفە و دەسەڵات بدەین ، هەڵبەتە " ئامانج لەدەسەڵات و زانین بریتیە لەبەدیهێنانی دادوەریی، چاکەی گشتی، ڕەشتبەرزیی و ئاکاری پەسەندی وەک ڕاستگۆیی، دروستی و دڵسۆزیی، هاوکات(پۆپەر) پێیوایە فەرمانڕەوایەتیی، بەندە بەپێگە و شوێنیکەوە، کەدامەزراوەی سیاسییە"

کاتێک باس لە دەسەڵات دەکەین، دەبێت لەچەند ڕەهەندێکی جیاوە ئاگادار بین.

1- جۆرەکانی دەسەڵات. واتە دەبێت جیاوازیی لەنێوان جۆرەکانی دەسەڵاتدا بکەین و بزانین کامیان شیاوترە بۆ کاروباری سیاسی دەوڵەت.

2-لۆژیکی دەسەڵات کەئیشکردنە بەبنەمای لۆژیکی دەسەڵاتی سیاسی، واتە بەپێی ئەو ئامانجەی، کەلەپێناویدا دەسەڵاتێک هاتۆتەدی.

3- بنەمای ئەقڵانیی و بناغەکانی دەسەڵات.

4- پێکهاتەی دەسەڵات کەباس لەژێرخانی دەسەڵاتی سیاسی ئەو کەسانە دەکات کەتێدا کاران و هەڵدەسوڕێنن. "

ئەو جۆرە دەسەڵاتدارییەتییە ماوەی (30)ساڵە چۆن و لەکۆێوە سەرچاو گرتوە؟

ئەگەر سەرنج لە شێوازی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بدەین و لەڕوانگەی فەلسەفی حکومڕانییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت ، بێشک دەگەینە دەرئەنجامێکی نەرێنی نائومێدکەر. دەسەڵاتێک تەنها داندەنێت بەڕەوایەتی خۆیدا ، ئەگینا لەحەقیقەدا هیچ شەرعییەتێکی خەڵک و دەستووری و دیموکراسی تێدا نەبینرێتەوە، بەڵکو بەناوی شەرعیەتی شۆرشگێری و شاخ دەستیان گرتوە بەسەر دەسەڵاتدا، ئەو فەوزای سیاسی و ئیدارییە لەهەرێمدا هەیە بەرئەنجامی ئەو چەشنە زۆر ناشیرین و شکستخواردوە دەسەڵاتە، بۆیە ئەم فۆڕمە لە حکومڕانی ڕەزیوە و کەم و زۆر پەیوەندی بەفەلسەفەی سیاسیەوە نییە.

(مەریوان وریا قانیع )لەکتێبی سیاسەت ودونیادا لەسەر عەقڵییەتی دەسەڵاتدارانی هەرێم دەڵێت:" گەڕانەوەی بەردەوام بۆ ڕابردووی زێڕینی شۆڕشگێڕان یەکێکە لەحیکایەتە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان لەدونیای دوای ڕاپەڕیندا، لۆژیکی ئەم حیکایەتە چەند سادەیە، دە ئەوەندە ترسناکە، ئەم لۆژیکە پێماندەڵێت کەسانێک هەن ڕۆژگارێک لەشاخ بوون و پێشمەرگایەتییان کردوە، بۆیە زاتی ئەوەیان هەیە نەک تەنها تاخۆیان دەمرن دەسەڵاتداربن، بەڵکو دوای خۆشیان و لەگەڵ خۆشیاندا کوڕ وکچ و خزم و دۆستە نزیکەکانیشیان دەسەڵاتداربن" ئەم ئەرگۆمێنتەی دکتۆر (مەریوان وریا )ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەسەڵاتی سیاسیەی دەرهاویشتەی عەقلیەت و فۆڕمی سەردەم و شاخ و شەرعیەتی شۆڕشگێڕییە و پەیوەندی بە ڕووح و جەوهەری فەلسەفەی سیاسی و دیموکراسیەوە نییە، ئێستا بە ڕوونی و واقعی لێکەوتە و شکست و کەوتنی ئەزموونەکە دەبینن.

* ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتدارییەتی هەرێمدا.

ئەگەر بێت لێکۆڵینەوەی دروست لەسەر ماف و کەرامەتی ئینسانی ئێمە بکرێت ، چۆن چۆنی سیاسەت و حکومڕانی لەبەرامبەر شکاندنی شکۆی هاوڵاتییاندا و لە مرۆڤخستنی پەیڕەو دەکات؟ ڕاپۆرت و ئاماری ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان کۆێ پێشلکارییەکانی هەر دوو زۆنی سەوز و زەردیان بۆ ڕای گشتی خستۆتەڕوو، لەتازەترین نمونە بریتیە لەتیرۆر و گرتن و ڕاودونانی ڕۆژنامەنوس و نوسەر و مەدەنیخواز لە هەر دوو قەڵەمڕەوییەکە تەنانەت ئەتەک و سەرتاشین و شکاندنی شکۆی مرۆڤی جڤاتی ئێمەیە، درێژەپێدەری دەسەڵاتی ستەمکاری هەرێمی کوردستانە. کە وێنایەکی ئێجگار ناشیرینی داوە بەڕای گشتی و ناوخۆ.

بۆیە گەر لەسەرەتاوە هەرێمی کوردستان خاوەنی بونیادی فەلسەفەی سیاسی و مۆدێرن و کراوە بوایە ، دۆخی سیاسی و ئابورری هەرێم نەدەگەیشتە ئەمڕۆکە، دەسەڵاتی سیاسی هەرگیز نەیدتوانی سیاسەتی ملهوڕی و ستەمگەری پەیڕەو بکات و دەستبخاتە نێو قوڕگی خەڵکەوە .

* مۆدێلی حیزبایەتی
لە سیتسمی سیاسیدا دووجۆری سەرەکی لە حیزبی سیاسی هەیە.
یەکەم- سیستمی حیزبییە کێبرکێییەکان.
لەچەند جۆرێک.
1- سیستمی حیزبیە کێبرکێییەکان. لەم جۆرەدا ئازادی دروستبوونی حیزبە سیاسیەکان هەیە، ئەوەنیش دووچەشنن
أ-سیستمی دوو حیزبی لەم سیستمەدا تەنیا دوو حیزب لەوڵاتدا هەیە و ڕکابەری یەکترن.
ب- سیستمی فرەحیزبی لەم سیستمەدا سێ حیزب یان زیاتر هەن. بەپێی ئەو پۆلێنبەندیە هەرێمی کوردستان لەجۆری فرەحیزبیە، بەڵام دەبێت بپرسین ئەو بەناو فرەحیزبییە لەکوردستاندا هەیە دەکرێت بێ بوونی سیستمێکی دیموکراسی حەقیقی ناو بنێن . یان فەوزای سیاسی چونکە نەکۆی سیستمەکە نە حیزبەکانی دەسەڵات و نە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن هیچ ڕەگەز و خەسڵەتێکی دیموکراسیان تێدا نییە و لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو کەلەپوری و هەناوی دیموکراسییەوە نەهاتونەتەدەرێ، بۆیە دەتوانین حیزبەکان شکڵێکی تەقلیدی و دیکتاتۆرییان هەیە.
دووەم. سیستمە حیزبییە ناکێبرکێییەکان.
بێگومان یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکانی هەمو سیستیمی دیموکراسی و مەدەنی حیزبە، لێرەدا گرنگە ئەم چەشنە لەو حیزبایەتییە لێرە باوە تەنانەت لەو وڵاتانەی سەرەتاترین دیموکراسیدا تێدا پەیرەو دەکرێت بەسەرچووە
دیارە لەهەرێمی کوردستان ئەو بەناو حیزبانەی هەن بەشێوەیەکی مەترسیدار بوونەتە بارگرنی و لەباربردن هەمو ویست و ئیرادەکی تاک و ئازادی سیاسی و حکووم‌ڕانی ڕشید .
چارەسەر یان ئەڵترناتیڤ..!
پڕۆسەی گۆڕین و گۆڕانکاری لەکوێوە دەستپێدەکات ؟
لەکاتێکدا تێپەڕاندانی ئەم دۆخە دەشێ یەکێک لەبکەرەکانی حیزبی سیاسی بێت، حیزبی سیاسی لەسەر مۆدێلێکی نوێ جیاواز لەم بەناو حیزبانەی کە بۆنەتە بەڵا و مۆتکە بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری هەرێمەوە، بێشک حیزبی نوێی و خاوەن ئامانجی نیشتیمانی و سەرکردایەتی بوێر و لێوەشاوە و ڕابەری کاریزما دەتوانێت ببێتە فاکتەری بەگەڕخستنی بزووتنەوەی جەماوەریی و هەوڵی مۆبیلەزەکردنیان بدات و سەرهەڵدان و جوڵەکان ڕێکبخات. ( د. دارا محمد) " دەڵێت: ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بین کەخودی ئەم گۆڕینە لە جیهانبینی سیاسی ئەم نوخبە حیزبیانەدا دروستبێت ئەوە بۆ خۆی چاوەڕوانییەکی بێهودەیە!!! چونکە عەقڵییەتی سیاسی ئەم نوخبە حیزبیانە هێندە بچوکە کەناتوانێت بەرگەی شۆکی گۆڕینێکی لەم جۆرە بگرێ و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان هێند گەورەن کە مەحاڵە بەرەو ئەو تێڕوانینەمان بەرن،" بۆ ئەوەی ئەم دۆخە پڕ لەفەوزا و شکستە سیاسی و حکوم‌ڕانییە هەرێم ، تەرکیز لەسەر ئەوە بێت چۆن چۆنی بەرەو هونەری حکومڕانی و دیموکراسی و بنەماکانی دەوڵەتداری هەنگاو بنێین؟
(یەکەم - دەوڵەت وەک بوونێکی سیاسی پێویستە خۆی لەسەر کومەڵێک دامەزراوە بنیات بنێت و ئەم دامەزراوانە بەپێی سیستەمیک بەرێوەبچن کە دواجار تواناى هێشتنەوە و درێژەپێدان و گەورەبوونی ئەم دامەزراوانەی هەبێت، ئەمجۆرە لەسیستەم دەبێت تۆرێک لەپەیوەندی و هێز و زانیاری و مەعریفە بهێنێتەکایەوە، کەدەوڵەت وەک بوونێکی سیاسی پشتی پێ دەبەستێت.
دووەم- ئەو سیستمی پەیوەندی مەعریفەیە کەدەوڵەت هەوڵی بنیاتنانی دەدات بریتییە لەهونەری حکومڕانی و بەرێوەبردن، واتە بەرێوەبردنی سەرجەم ئەو پەیوەندییانەی کەلەنێوان کایە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبێت.)
*ئەنجام:
ئەم لێکۆڵینەوە کورتەدا گەیشتن بەو دەرئەنجامە کە بۆ ماوەی سێ دەیە لەحکومڕانی ئەزمونێکی پڕ لەشکست و گەندەڵ و فەوزای لێکەوتۆتەوە؟ بێگومان ئەو ئەنجامەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تا هەنوکە دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی بەرێوەبردنی لەهەرێمی کوردستان خاڵییە لەفەلسەفە سیاسی و بونیادی سستمی دیموکراسی و مەعریفە و هونەری حکومڕانی ..

سەرچاوەکان:-

1-فەلسەفەی سیاسی. د. نەوزاد جەمال
2- سیاسەت و دونیا.. د مەریوان وریا قانیع
3-فرەیی جیهانبینیەکان و خوێندنەوە فەلسەفە- سیاسیەکان. د. دارا محەمەد
4 -نیوکات ژمێری ماوە بۆ نیوەی شەو.
فاروق ڕەفیق
5- سیستەمە سیاسیەکان. حەسەن مستەفا


## تیۆریاکانی تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ لە دەروونناسیدا

بەرێز ئیسماعیل

ڕەفتار لە زانستی دەروونناسیدا بە هەر کردارێک یان کاردانەوەیەک دەوترێت، لە ئەنجامی وڵامی وروژێنەرێکی دەرەکی یان پاڵنەرێکی ناوەکی ئەنجام بدرێت.
بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ لانی کەم ٦ قوتابخانە و تیۆری سەرەکیمان هەیە، ئەم قوتابخانە و تیۆریانە کۆمەڵێک بیریار و دەروونناسی گەورە لە پشتیانە لە کۆن و نوێدا.
١-تیۆری بایۆلۆجی Biological theory
ئەم تیۆرە پێیوایە ڕەفتارەکانی مرۆڤ هۆکاری بایۆلۆجین و زیاتر بە لایەنی جەستەیی تەفسیر دەکرێن، ئەم تیۆرە پێیوایە ڕەفتارەکان هۆکاری بۆماوین، یان نا هاوسەنگی لە مادە کیمیاییەکانی مێشک، یان هۆکاری کەمی هۆرمۆنین، یان ناتەواوی لە دەمارەکان.
٢.تیۆری سایکۆدانیامیک Psychodynamic theory
ئەم تیۆرە پێیوایە ڕەفتارەکانی مرۆڤ، دەرئەنجامی نەستی مرۆڤ و قۆناغەکانی سەرەتایی منداڵی. ئەم تیۆرە لەلاین دەروونشیکار فرۆید دامەزراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم تیۆرە زۆر زانستی نییە، ناتوانرێ بەڵگەی بینراو یان ئەزموونکراوی هەبێت. کەمتر بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ، ئەم تیۆرە مرۆڤ کورت دەکاتەوە لە هۆکارە ناوەکییەکان.
٣.تیۆری ڕەفتارگەرایی Behavioral theory
ئەم تیۆرە پێیوایەڕەفتارەکانی مرۆڤ پێشبینیکراوە و دەرئەنجامی وروژێنەرێکی دەرەکییە، ئەم تیۆرە مرۆڤ کورت دەکاتەوە لە هۆکارە دەرەکییەکان. زاناکانی ئەم ڕێبازە وەکو باڤلۆڤ و سکینەر و سونەردایک.
سکینەر بەکورتی دەڵێت: "مرۆڤ لەسەر ڕەفتاری باشە پاداشت بکە، باش ڕەفتار دەکات. مرۆڤ لەسەر ڕەفتای خراپ سزا بدە، دووردەکەویتەوە".
٤.تیۆری مەعریفی Cognitive theory
زاناکانی ئەم ڕێباز و قوتابخانەیە، دەڵێن کێشەی دەروونی و ڕەفتاری مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ جۆری بیرکرنەوە مرۆڤ. ئەگەر بتوانین بیرکردنەوەی مرۆڤ بگۆڕین، دەتوانین ڕەفتارەکانی مرۆڤیش بگۆڕین. ئارۆن بێک دەروونناسێکی دیار، شانازیی بە پەرەپێدانی تیۆری مەعریفی و چارەسەری مەعریفی دەکات.
٥.تیۆری مرۆڤدۆستی Humanistic theory
تیۆری مرۆڤدۆستی ڕێبازێکی دەروونییە کە جەخت لەسەر سیفەتە ناوازەکانی مرۆڤ دەکاتەوە، وەک ئیرادەی ئازاد. تیۆری مرۆڤدۆستانە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە ڕێبازە باڵادەستەکانی ڕەفتار و دەروونداینامیک لەو سەردەمەدا سەریهەڵدا، کە بە ڕێککەوت سەرنجیان لەسەر ڕەفتاری چاودێریکراو و پاڵنەرە نائاگاکان بوو. دەروونناسە مرۆڤدۆستەکان، وەک کارل ڕۆجەرز و ئەبراهام ماسلۆ، هەوڵیاندا ڕوانگەیەکی ئەرێنی و گەشبینانەتر بۆ دەروونناسی دروست بکەن، کە جەخت لەسەر گرنگی کەرامەتی مرۆڤ و هەڵبژاردنی تاک و گەشەکردنی کەسی بکاتەوە.
٦.تیۆری کۆمەڵایەتی Social theory
ئەم تیۆرە تەرکیزی لەسەر لایەنی کۆمەڵیەتی مرۆڤە، ئەم قوتابخانەیە لەلایەن باندۆرا زیاتر بەرەوپێشچوو و دۆزرایەوە. باندورا دەڵێت: مرۆڤەکان بەلاساکردنەوە و چاودێریکردن و سەرنج، فێری ڕەفتاری نوێ دەبن. ئەم تیۆرە بەهێزە لە شیکردنەوەی هۆکارەکانی ڕەفتاری مرۆڤەکان، چونکە هەم تیۆرێکی ئاسانە لە تێگەیشتن هەمیش ئەزموونکراوە.
زۆر زانا و دەروونناس قسەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بەڵام ئەم شەش ڕێبازە زۆرتر کاریگەرییان هەبووە. ڕەفتاری مرۆڤ هۆکاری زۆرە، بەڵام هەر تیۆرە و لایەنێک یان لە گۆشە نیگایەکەوە دەڕواننە ئەم ڕەفتارە.









# ڕۆڵی کورد لە وەرچەرخانی سیڤەرەوە بۆ لۆزان

## مەسعود عبدالخالق

ڕۆڵی کورد نەك هەر نەبوو بەلکو تەنها ئەو ڕۆلە بواری پێدرا کە ئەو دەستکەوتانەی لە سیڤەرو پیشووتر هاتبوە دی هەلوەشێنرایەوە ،لێرە ڕۆلی عەلمانی وئاینی کوردبەئاشکراتر دەرکەوت،عەلمانیەتی کورد هەنگاو بە هەنگاولایەنگیری هەنگاوەکانی بەرەو عەلمانیەت وناشیۆنالیزمی عوسمانی بەرەو تورکیایی و ئینجا ئەتاتورك بوون،بە پێی بەڵگەنامە بەریتانیەکان کە لەسەر زاری(بیرترام دیکسۆن) وەرگیراوە لە سەرانسەری کوردستان لە: بەتلیس وجزیرەو وان و دیاربەکرو سەعەرتەوبادینان وسلێمانی وخۆێی وماکوو سەلماس وموکریان و.. لە هەلچوون بووینە دژ بە زالکردنی تورکایەتی ودابەشی کوردستان، بە سەرکردایەتی ئەو (6) سەرکردە ئاینیە( مەلا سلیم بدلیس، رشید ئاغەی سلێڤانی، عبدالرحمن شرناخی، شێخ نوری بریفکانی، شێخ عبدالسلام بارزانی، شیخ سعید الحفید) ،دوایش هەریەکەلە ( شیخ عبدالقادر، شیخ سعیدی نەورەسی، شێخ سعیدی پیران، شیخ محمود، ..)دژی ئەتاتورك بوون، بەلام چینی عەلمانیەتی کورد داوایان لەوانە کرد ئەو هەنگاوەیان رزگاری کوردەو دەوڵەتێکی عەلمانی تورکی مافی کورد مسۆگەر دەکا، لەلای زانایانی ئاینی کورد بەفەرمی هەمو جیهان لەڕێی (عصمە الامم)ئاگادارکرایەوە ،تیایدا هاتبوو کە کوردو تورك تەنها لەڕێی لەئاین یەکیان دەبەستێتەوە ، ئاینیش نەما لەسەردەستی ئەتاتورك ئیتر برایەتی کورد و تورك هەلخەلەتەنێرە ، بۆیەزانایانی ئاینی ڕەوشەنبیر داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کرد، کۆمەڵێك لە ڕەوشەنبیران و نیشتمان پەروەرانیش لاگیری ئەو ڕایەی زانایانی ئاینی بوو،جگە لەو کەمە سیکۆلاریەی کە لاگیری ئەتاتۆرکیان کرد،ئەوان یارمەتیاندا بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی لۆزان ،بەلام لاوازبوون وەك لە بەڵگەنامەی بەریتانی لەلایەن جێگری مەندوبی سامی بەریتانی لە18/ مایس/1920 ناردوە و دەڵێ (ناحەزانی سەید عبدالقادر) بریتین لە دەستەیەکی زۆر لەیەك نەچوو هی ئەوتۆیان تێدایە زۆر حەزیان لە سەربەخۆیی کورد نیە، زیاتر لەگەڵ ئەتاتورك ڕۆیشتون، لازاریف دەڵێت: هەندێك لە بنەماڵەی بەدرخانیەکانیش (لائیکیەکانیان) خەریکی دانوستان بون لەگەل ئیتیحادیەکان داوای پارچە زەوی گەورەو 2000لیرەیان کردبوو، ئەو هەنگاوەی سیکولارە کوردەکان لەناوەوە بە جۆرێکی تر ڕەنگی دابۆوە کوردانی دەرەوەی وولات ،کوردانی دەرەوەی وولات نەیان زانی ئەو ئەفەندیانەی کورد بەهۆی بەلێنی سودو پۆستەوە نزیك ئەتاتورك بووینەوە نەك بۆ مافی کورد ، لە بەڵگەنامەی بەریتانی ژ:21 لە 1929/4/18 بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا نوسراوە دەڵێ:کوردەکانی دەرەوەی وولات مانگانە یارمەتی$60.000 یان بۆ ئەتاتورك دەنارد، تا بزوتنەوەی خۆیبون تێیانیگەیاند یارمەتیەکەی پێ وەستاندن، تەنانەت ئیحسان پاشاش کە لەدواییدا لە 1927بە شۆڕشی ئاگریداغ هەلسا، لایەنگیری ئەتاتورکی کرد و ئەفسەری بەرپرس بوو لە سەربازگەی ئەستەمبۆل و تەسلیمی ئەتاتورکی کرد لە دژی سوڵتان، بەو شێوەیە کوردە ڕۆشنبیر و لائیك (عەلمانی) و سەرۆك عەشیرەتەکان بەشداریی و پشت گیریان لە دام و دەزگا و حکومەت و پەرلەمانی ئەتاتورك کرد لەژێر ناوی (برایەتی کورد و تورك لە دەوڵەتی تورکیای نوێ).

ئەوە بوە پیشەکیەکی ئاسان بۆ ئەوەی هەندی لائیکی کورد هەنگاوی مەترسیدار تر بنێن لەکاتی بەستنی کۆنگرەی لۆزان ، ئەتاتورك وەفدێکی لێ رێکخستن بەسەرۆکایەتی عصمت ئینینۆ، دووکوردیشی بەگەردا (برنجی زادەو زولفی بەگزادە)، ئەوان لەوێ چوونە لۆزان بەناوی کورد قسەیان کرد، وتیان: ئێمە و تورك براین، دەمانەوێ پێکەوە بژین، نامانەوێ جیاببینەوە مادەکانی (64،62)یسیڤەر دەبێ هەڵگیرێ، فراکسیونی کورد 72 ئەندامی تێدابو لە ئەنجوومەنی مەزنی تورکیا لە ئەنقەرە کە ئەتاتورك دروستی کردبوو، بەسەرۆکایەتی (حسن خەیری) بوو، بروسکەی بەناوی هەمو کورد بۆکۆنگرەی لۆزان دەکرد، دەیان ووت: سیڤەر و سوڵتان و ئەستەمبوڵمان ناوێ، شریف پاشامان ناوێ، جیابونەوەمان ناوێ، بەڵکو لۆزان و ئەتاتورك و ئەنقەرەو برایەتی تورکمان دەوێ (( بەیتار دەرسیمی لە ل221ی کتێبەکەی خۆی(دەرسیم لە مێژووی کوردستان) دەلێ حسن خەیری بە خۆی هەمو ئەو قسانەی بۆ گێرامەوە کە چۆن بروسکەیان بۆ کۆنگرەی مەسلەتی لۆزان لێداوە )) . ،تا سیڤەریان هەلوەشاندەوەو لۆزانیان هێنا جێی.

پاداشی ئەتاتۆرك بۆ ئەو کوردانە : دوای ئەوەی ئەتاتورك زال بوو بەسەر ئەستەمبۆل و بەیەکجاری خیلافەتی هەڵوەشاندەوە و کۆماریکی تورکی عەلمانی لەسەر بنچینەی تورکایەتی دامەزراند لە 1923، لە دەستور (ANA YASA) نکۆلی لە کورد کرا و دەستی بە داخستن و قەلا چۆکردنی دام و دەزگاو فەرهەنگ و کەلتووری و سیاسی کرد، کە پێشتربەئازادانەتر لەئەستەمبوڵ ئیشیان دەکرد، محمد زەکی بەك دەڵێت(هەمو ئەو جەمعیەت وحزبە کوردیانەی کورد دروستی کردبون لە ژێر سایەی خیلافەت ئازاد بون، بەلام ..لەگەل تسلیم بونی ئەستەمبوڵ بە حکومەتی کمالی هەمووی داخستن) ، بەرنامەیەکی ترسناکیش دارشرا بۆ قەدەغەکردنی زمان و جل و بەرگی و تەواوی فەرهەنگی کوردی... بەوانەش نەوەستا هەڵسا بەگرتنی هەمو ئەوانەی یارمەتیان دا، دادگایەکی ریك خست بەسەرۆکایەتی (صائب پاشا) بۆ لەسێدارەدانی سەرکردە کوردەکان، ئەو دادگایە گەیشتە هاریکارەکانی ئەتاتورکیش، لەوانە (حسن خەیری وبرنجی زادە و زولفی بەگزادە و خالید پاشا..)

بەو شێوەیە تیۆرەکانی لائیکی کوردلەگەل ئەتاتورك بە شکستی گەورەو سەرکەوتنی لۆزان تەواو بوو ،ئەزمونەکەیان گەیشتە ئەوەی کورد لەنزیکی سەربەخۆییەوە دوور خستەوە بەرەو هەڵدێر.... ئنجا شیخ سعیدی جارێ شۆڕی (1925) داو، دروشمی یان گەڕانەوەی خیلافەت یان ئێمەش کوردستانیکی سەربەخۆمان دەوێ، لەو شۆڕشە هیچ بەلگەیەکمان بەدەستەوە نیە داوای سیڤەری کردبیت ودژی لۆزان بیت ، وڵاتانی ڕوسیاو بەریتانیاو فرنساش پاڵپشتی تورکیایان کرد، خەریك بو شێخ سعید سەرکەوی دوای شکستی هێناو بەیەکجاری لۆزان سەرکەوتوو بوو و مەینەتی کوردی بەرجەستە بوو.

# چیرۆکی هۆنراوەیەک

بعيني رأيت ذئباً يحلب نملة          ويشرب منها رائق اللبن

واتە بەچاوی خۆم گورگێکم دی مێرولەیەکی دەدۆشی... خواردیەوە شیرە خەستەکەشی

دێرەهۆنراوەیەکی سەرنج ڕاکێشە ڕەنگبێ کەسانێک بۆ گاڵتە پێکردن و ڕابواردن بەسەر زاریانەوە بێ...لەڕاستی دا واتا ڕاستەقینەکەو چیرۆکی ئەو هۆنراوەیە نازانن و تێ نەگەیشتون دەتوانم بڵێم لە کوردی دا شتێکی لەوجۆرە هەیە وەک تۆزی دەهۆڵ یا بەزی مێرولە یا شیری چۆلەکەم بۆ بهێنە یا پەیدا بکە بەگێلێ یاشێتێک لەکۆڵ خۆتی بکەیتەوە بەلام لەڕاستی دا نازانێ فۆلکلۆرە یا پەندە یا بۆ ڕابواردن بەکەسێک بەکوردیەکەی شێت یا گێل گوتراوە ...بەلام ئەو هۆنراوەیە چیروکێکی پر واتاوپەندێکی خۆ بەزلزانی و زۆرداری لە پشتە ...با جارێ چەند پرسیارێک بخەینە ڕوو ئایا گورگ دەتوانێ مێرولەیەک بدۆشێ؟ ئایا مێرولە لە بنچینەدا هەر شیری هەیە تا بدۆشرێ؟ ئایا برێ یەو شیرە هێندە هەیە کە بەشی گورگ بکات ؟ کاتێ ئەو هۆنراوەیەت خوێندەوە ئەو پرسیارانە بەبیرو هزردا هات؟ ئایا دەزانی ئەو دێرە هۆنراوەیە هی چ کەڵە شاعیرێکی عەرەبە؟ خاوەنی چ زمانێکی پاراوو ؟خاوەنی چ جۆرە هۆنراوەیەکی بەهێزو پڕ مانایە؟ زۆر هۆزانڤان و شاعیرو نوسەرو ڕوناکبیری کوردیش هەنە لەو جۆرە شیعرو قسەی حیکمەت ئامێزو نەستەق وپر واتایان هەیە بەلام داخەکەم هیچ کەسێک بیری بۆ ئەوە نەچوە وا شیکاری بۆ بکات یا من نەمخوێندوتەوەو بەرچاوم نەکەوتوە ؟

پێش ئەوەی سەرت سوور بمێنێ قەدیمیان گوتویانە تا گەردون چەرخی بسورێ سەر عاجاباتی دەبینێ ئێستا بۆتان شیدەکەمەوە چۆن گورک مێرولەی دۆشی شیرەکەی بەخەستی خواردۆتەوە ...ئەو هۆنراوەیە هی شاعیری عەرەب موتەنەبییە..

موتەنەبی دەڵێ ڕۆژێک لەبازاری کوفە لەلای ژنێکی هەژارەوە وەستا بووم ماسی دەفرۆشت... پیاوێکی دەولەمەند ، جلێکی جوان و گرانبەهای پۆشی بوو،بە شێوەو ڕوخساریا دەوڵەمەندو عەبوس دیار بوو بە ژنە ماسی فرۆشەکەی گوت :

کیلۆی ماسیبەچەند؟

ژنەکە لە وەڵامدا کیلۆی بە پێنج درهەم بەڕێز...

بە فیزو لەخۆ بایی بونەوە کیلۆی بەدرهەمێک ...

ژنە بەهەناسەیەکی ساردەوە بەکابرای گوت

من ژنێکی هەژارم من بۆ پیاوێکی دەفرۆشم ئەویش هەرچی خودا بەقسمەتی کردبێ پێم دەدا...

پیاوە دەوڵەمەندەکە بەخۆ نازین و گەورەییەکەوە گوتی:

تەنیا یەک درهەم زیاتر نا؟

ژنە بەشەرمو بێ فرت وفێل پێنج درهەم ..

پیاوە دەوڵەمەندەکە بە سوکایەتیەوە باشە ١٠ کیلۆم بۆ بکێشە..

ژنە ماسی فرۆشیاری هەژار ١٠ کیلۆکەی بۆ کێشاو بەئومیدی ئەوەی نرخی تەواوی پێ بدات و کابرا زۆر بێ بەزییانە ماسیەکانی وەرگرت و. ١٠ درهەمی بۆ فرێ داو تێئ تەقاندو بەپەلە ڕۆیشت ... ژنە هەژاری فرۆشیار بەچاوی پرلە ئەسرینەوە کەوتە بانگە بانگی کابرا هەر ئاوڕی لێنەدایەوەو گوێی پێنەدا ... موتەنەبیش دەڵێت خۆشم هەر بانگم کرد وەڵامی منیشی هەر نەدایەوە..گوتم گورگێکی دەولەمەند وچاوچنۆک و بێ بەزەیی و ژنەش مێرولەیەکی لاوازو هەژارو بێ دەسەڵات و ئەو دێرە هۆنراوەیەم نوسی :

بعيني رأيت ذئباً يحلب نملة          ويشرب منها رائق اللبن

پیرەمێردی نەمریش دەفەرموێ:

زۆردار و هەژار، وەک سەرما و هەتیو

بزن هەوڵی گیان، قەساب هەوڵی پیو

دەوڵەمەندی ڕژد خۆی هەڵئەکێشێ

پارە مێشێکە لە گووش دەنیشێ



وەرگێڕان

عوسمان عومەر

# هەمو شتێک بخوێنەوە بەلام بڕوا بە هەمو شتێک مەکە:

نوسەر ئەحلام مستغانمی هێرشی دەکردە سەر پیاوان کەچی خۆشی ٤ جار هاوسەرگیری کردوە.

مەحمود دەروێشی شاعیر بەهۆنراوەکانی هێرشی دەکردە سەر دەولەتی ئیسرائیل کەچی خۆشەویستەکەی جولەکە بوو

دیل کارنیگی کتێبە بەناو بانگەکەی دع القلق وبدا الحياة واتە واز لەدلە راوکێ بێنەو ژیانت دەست پێبکەوە کەچی خۆی کوشت

جان جاک ڕۆسۆ چەندین کتێبی لەبواری پەروەردە بەچاپ گەیاندوە کەچی منالەکانی نارده هەتیوخانە

موتەنەبی شاعیری ناوداری عەرەب هۆنراوەیەکی بۆخۆی نوسی گوتبوی السيف والبيداء تعرفني واتە شمشێر دەست وقامی من دەناسن کەچی ترسنوکترین کەس دەرچو بەرامبەر بکوژەکەی.

لە مۆندیالی ١٩٨٦ لەسەر درێسەکەی مارادۆنا نوسرابوو نا بۆ مادەی هۆشبەر و لەسەر درێسی پلاتینی نوسرابوو نا بۆ گەندەلی دواتر مارادۆنا بوە مود مینی مادەی هۆشبەر و پلاتینی گەندەل کار

جیهان پریەتی لەپروپوچی و پریەتی لە درۆ و دەلەسەش.

وەرگێران ئامادەکردنی

عوسمان عومەر

١٨ی ئایاری ٢٠٢٣



YADNAMEیادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز)لە هۆڵەندا بەهاوکاری بەختیار شارەزووری و ڕەئوف ئالانی سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703